# ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژوویی لە گۆڤاری گەلاوێژدا

توانا ڕەشید کەریم زانکۆی سلێمانی- بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان

**پوختەی توێژینەوە:**

ڕۆژنامەگەری کەناڵێکی گرنگی مەعریفەی پێکهێناوە لەمێژووی هاوچەرخی کورد دا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و پاراستن و زیندوڕاگرتنی مێژوو وئەدەب و زمانیی کوردی. گۆڤاری گەلاوێژ لەماوەی(1939–1949) دەساڵی دەرچوونییدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە پێشخستنی نووسینەوەی مێژووییدا بەهۆی ئەو ئامادەبوونە کارایيەی گۆڤارەکە لە بەدواداچوونی بابەتی مێژوویی و پەرەسەندنە سیاسییە هاوچەرخەکانی نێوخۆی عێراق و جیهان لە قۆناغێکی هەستیاری مێژووی مرۆڤایەتییدا. ئەمەش وایکردووە گەنجینەیەکی مێژوویی پێشکەش بە توێژەران ومێژووناسان بکات و ڕەنگدانەوەی لە نووسینی مێژووییدا لای مێژووناسانی کورد هەبوبێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئەم بایەخدانە شیبکاتەوە لەمییانی ئەو کایە مێژوویيانەی گۆڤارەکە کاری لەسەرکردووە.

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە جگە لەوەی نیشاندانی ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژە لە نووسینەوەی مێژوویی وکاریگەرییەکانی لەسەر مێژنووسی کوردیی، زانینی ئەو دۆخ و پەرەسەندنە سیاسییانەی مێژووی کورد وعێراق وجیهانە لەجوغزی ڕۆژنامەیەکی کوردییەوە. بەهۆی گرنگیدانی ڕۆژنامەکە بە مێژوو وپەرەسەندنە سیاسییەکان و نەکۆڵینەوە لە ڕەهەندی مێژوویی لە گۆڤاری گەلاوێژدا لای توێژەران، بۆیە گۆڤاری گەلاوێژ هەڵبژێردرا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

توێژینەوەکە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجامگیرییەکی ڕوون ودروست، میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک ومێژوویی وشیتەڵکاری بەکارهێناوە. بۆ ئەمەش وەک ژێدەر وسەرچاوە بە پلەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

یەکەم سود لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکە وەرگیراوە، لەپاڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکەی یارمەتییدەر.

تویژینەوەکە لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت؛ لە باسی یەکەمدا: لەمییانی کۆڵینەوە لە ناوەڕۆک وڕوخسار وتەکنیکی گۆڤارەکە، تیشکخراوەتەسەر مێژوو وپەرەسەندنی ڕەوتی گۆڤارەکە، بەڵام باسی دووەم: تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی گەلاوێژ لەنووسینەوەی مێژوورییدا، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگترین ئەو کایە مێژووییانەی گەلاوێژ کاری لەسەرکردووە وەک جەنگی دووەمی جیهانی، مێژووی کورد، ڕووداو وپێشهاتە ناوخۆییەکانی عێراق، ڕۆژهەڵاتناسەکان خراوەتەبەرباس. لەکۆتاییدا تویژەر دەرئەنجامی تویژینەوەکەی بەچەند خاڵێک خستۆتەڕوو.

**کلیلە وشە:** گۆڤاری گەلاوێژ، نوسینەوەی مێژوویی، مێژوونوسیی کوردیی.

## باسی یەکەم: سەرەتایەک لەبارەی ڕەوتی مێژوویی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ وپەرەسەندنیی:

بە مۆرکردنی پەیمانیی عێراق- بەریتانی لە 30ی حوزەیرانی 1930 عێراق پێینایە قۆناغێکی نوێی سیاسییەوە لەڕووی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیی، لەبەرئەوەی پەیمانەکە بەڵێنی پاڵپشتی بۆ کۆتایهێنان بە ئینتداب لەسەر عێراق و، بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلانی تێدابوو، ئەمەش لەتشرینی دووەمی ساڵی 1932 هاتەدی (الحسني، 2008، ص228) . ئەمەش واتای کۆتایهاتنی دەسەڵاتی ئینتداب و دەستڕۆیشتوویی وسەرەوری حوکمەتی عێراقی بوو بەسەر کۆی خاکی عێراقدا (صابر، 2006، ص358).

ئەم دوو ڕووداوە کاریگەری توند و برینێکی قوڵی لەجەستەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دا خولقاند چونکە هەڵوەشاندنەوەی ئینتداب وکشانەوەی بەریتانیا، مانای سڕینەوەی هەموو خواست و داواکانی کورد و سەرجەم ئەو ماف و جیاوکانەی لەماوەی ئینتداب دا بەدەستیان هێناوە و، لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بڕیاری لەسەردرابوو، بەتایبەت پاش بڵاوکردنەوەی ڕەچاوی مافەکانی کوردی تێدا نەکرابوو(کریم، 2009، ص63-64؛ البارزاني، 2002، ص29)، کە نائارامی سیاسی لەناوچە کوردییەکاندا وروژاند. نیگەرانیی لە نێو ناوەندە نیشتمانییەکان و لای ڕووناکبیران و سەرکردەکان، چەند شێوازێکی وەرگرت (عوسمان، 2006، ل105 ؛ قادر، 2005، ل42-43) . ئەمە لەکاتێکدابوو سیاسەتی حکومەتی عێراقی وبەریتانی لەهەمبەر ناوچە کوردییەکان گۆڕا و، هەوڵەکان کورتکرانەوە لە کۆکردنەوەی خواستەکانی کورد لە هەندێ مافی ڕۆشنبیریی. ئەم دۆخە دوو تەرزی وەڵامدانەوەی لەلای کورد دروستکرد؛ یەکێکیان بریتیی بوو لە ناردنی یاداشت و نووسراو ومەزبەتە بۆ کۆمەڵەی گەلان و مەلیک فەیسەڵ، ئەوی دیکە سەرهەڵدان و ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری بوو وەک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕووداوی شەشی ئەیلولی 1930 لە سلێمانی، سەرهەڵدانەوەی جوڵانەوەی چەكدارییەكانی شێخ مەحمود و، شێخ ئەحمەدی بارزان، كە دواجار لە ڕێگەی بەكارهێنانی هێزەوە كۆتایی بەم جوڵانەوانە هێنرا (الحفو و البوتاني، 2005، ص33، 43؛ صابر، 2006، ص358؛ البارزاني، 2002، ص72). بە سەركوتكردن و لەبابردنی هەموو ئەو هەوڵانەی سەرانی پێشووی كورد، ڕۆڵی ڕووناكبیران لەناو شارەكاندا زیتر هاتە پێشەوە(صابر، 2006، ص358؛ البارزاني، 2002، ص72) . ئەوەبوو هەندێكیان ڕوویانكردە دامەزراندنی پارتی نهێنیی و كۆمەڵە سیاسییەكان، وەك چونە پاڵ حزبی شیوعی و دامەزراندنی حزبی هیوا(البارزاني، 2002، ص69-71) . هەندێكی دیكە ئاڕاستەی ڕۆشنبیریی پەیڕەوكرد وەك دامەزراندنی یانەی سەركەوتن و، دەركردنی گۆڤارەكانی یادگاری لاوان و دیاری لاوان و ژین وگەلاوێژ. ئەمانەی دوایی باوەڕیان وابوو خەباتی چەكداری خەباتێكی بێ ئەنجامە وهیچ مافێك بۆ كورد ناسەنێت، بۆیە هۆشیاركردنەوە وهاندانی خەڵكی كورد بۆ فێربوون و خوێندەواری بە ئامانج گرتبوو. هاوچەرخێك لەسەر ئەمە نوسیویەتی:"بڕێك لەخوێندەواران و پیاوە كوردەكانی چەرخی عوسمانی بڕوایان وابوو چەك هەڵگرتن بۆ سەندنەوەی مافی نەتەوەیی كورد ڕێگەیەكی دڕكاویی وسەخت وبێ ئامانجە، بەڵكو زیانبەخشە، لەبەرئەوە پێویستە بەر لەچەك هەڵگرتن نەتەوەی كورد خوو بداتە زانین و زانست و بڵاوكردنەوەی خوێندەواریی"(داراغا، 1972، ل16؛ سالح، 2012، ل265-266؛ حوسێن، 2008، ل16، 25).

جگە لەوەش، لەم قۆناغەدا ڕوناكبیران و خوێندەوارانی كورد بەهەمان شێوە عێراقییەكان كاریگەربوون بە تەشەنەكردنی بیروباوەڕی دیموكراسی و پێشكەوتوخوازی ونەتەوەیی لەنێو عێراقدا(الحفو و البوتاني، 2005، ص27؛ البارزاني، 2002، ص71-72). وێڕای ئەوەش، ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقیی و بیانییەكان كە بەلێشاو دەهاتنە ناو بەغدا شوێنیان لەسەر بیری نەتەوەیی وخوێندەواری هەبوو لەنێو ئەو ڕووناكبیر و گەنجە خوێندەوارانەی لە بەغداد بوون(ئەمین، 1997، ل92-93). لەلایەكی دیكە، ناكرێت كاریگەری دەستە ویانە ڕۆشنبیرییە عەرەبییەكان وەك ئەهالی و یانەی خامە و یانەی موسەننا، كە لە بەغداد دامەزرابوون لەبەرچاونەگیرێت، چونكە كارەكانیان سەرنجی ڕوناكبیران وگەنجانی كوردی كەمەندكێشكردبوو بەجۆرێك هەوڵدرا هەمان ڕێگەبگرنەبەر وەك هەوڵدان بۆ دامەزراندنی یانەی سمكۆی شكاك ئەگەرچی ڕێگەی پێنەدرا (مەزهەر، ٢٠٠١، ل٣٣١، ٣٤٤؛ ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل٢٥-٢٨).

لە كۆتایی سالانی سییەكاندا، ڕەوتێكی ڕۆشنبیریی لە نێو گەنجە كوردەكانی بەغدا سەریهەڵدا و، چاپ و بڵاوكردنەوە بە زمانی كوردی پەرەیسەند وەك دەركردنی دیاری لاوان 1933، یادگاری لاوان 1934، سەرباری كۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و ڕوناكبیرانی كورد لە یانەی سەركەوتن، وایكرد جۆرێك لە جۆش وخرۆش بدات بە ڕووناكبیرانی كورد تا سود لە ئەزمونی یەكتر وەربگرن و، كاربكەن لەپێناو زیندوڕاگرتنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی كوردی وبڵاوكردنەوەی خوێندەواری. هاوكات ئەو دواكەوتوویی وهەژارییە لەناو كورد داهەبوو لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا لەئاست خواستی ئەو لاوانە نەبوو، كە لەو ژینگەیەدا هۆشیاربوونەوە(ئەمین، ١٩٨٩، ل١٣-١٦ ؛ تاڵەبانی، ١٩٨٧، ل14). لەم بارەیەوە یەكێك لە نوسەرەكانی گەلاوێژ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وتویەتی:" لە سییەکاندا لاوان یەکترمان ئەگرت وپاڵپشتی بڵاوکردنەوەی... ڕۆژنامە وگۆڤاربوین، بۆیە گۆڤاری گەلاوێژمان لەساڵی 1939 دا دەرکرد"(گۆڤاری ڕەنگین، ژ:٩، ١٩٨٨، ل6). هەروەها گوڤاری گەلاوێژ لەسەروتاری یەکەم ژمارەیەدا دۆخی ڕەوتی ڕۆشنبریی لای کورد دەگوازێتەوە و نوسیویەتی:" گومان نابەم هەموومان وەک یەک سەرشۆڕ ئەکەین و شەرمەزار ئەبین...لەسەردەمی ڕووناکی و خوێندن وزانیندا، لەم پلە بەرزەی شارستانییەت گەیشتویەتی لەڕووی زەمیندا، گۆڤارێکی کوردی نییە"(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:١، ١٩٣٩، ل١) . بەمشێوەیە، ئەو پەرەسەندنە مێژووییەی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی ڕووناکبیرانی کورد لە ساڵانی سییەکاندا زەمینەی خۆشکەربوو بێت بۆ گەلاڵەبوونی دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی وەک گەلاوێژ، کە ڕووناکبیران لەدەوری خۆیدا خڕبکاتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ وەک یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین ڕۆژنامە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، بیرۆکەی دەرکردنی لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە، کە خاوەنی ئیمیتازی گۆڤارەکەبووە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی زانکۆ، لەم بارەیەوە نوسیویەتی:"کە چوومە حقوق بیرم لەوە دەکردە دەرچم و داوای وەرگرتنی گۆڤارێکی کوردی بکەم". بۆیە لەساڵی 1937 پاش دەرچوونی ناوبراو لە کۆلێژی یاسا، ئەم بیرۆکەیەی لەگەڵ چەند ڕوناکبیر وڕۆشنبیرێکی کورد وەک محەمەد ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و گۆران و کامیل حەسەن وچەند کەسێکی تر باس دەکات و پشتگیری ئەوان بەدەست دەهێنێت. تەنانەت ناوی گۆڤارەکەش لەلایەن گۆرانەوە پێشنیاز کراوە(احمد، ١٩٩٧، ل7؛ احمد، ١٩٧٣،ص2) . هەرچەندە حکومەت هەوڵیداوە کۆسپ بخاتە بەردەم پێدانی مۆڵەت تا ئەو ڕادەیەی تۆمەتی لایەنگری بۆ بیرباوەڕی کوردایەتی بۆ خاوەنەکەی بکاتەپاساوە، بەڵام دواجار بە هەوڵ وکۆشش و وچاننەدان، توانرا لەساڵی1939 بەرایی دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، مۆڵەت بەدەستبهێنرێت (احمد، ١٩٩٧، ل7، ٨). گۆڤاری گەلاوێژ وەک لە سەربەرگەکەی، خۆی پێناسە کردووە، نوسیویەتی: "گۆڤارێکی ئەدەبی و پەقافی مانگی کوردی یە" لە شاری بەغداد دەرچووە. یەکەمین ژمارەی لە ساڵی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1939 لە بەغدا دەرچووە. دوا ژمارەشی کە ژمارە( 8)ی ساڵی دەیەمە لەئابی 1949 دەرچووە. لەماوەی دە ساڵدا سەرجەم(106) ژمارەی لە(105) بەرگدا لێ بڵاوکراوەتەوە(زەنگەنە و ساڵح، ٢٠٠٣، ل109-110؛ البطي، 2011، ص 55-56) لەبارەی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەرانی گۆڤارەکەوە، هەر دەساڵەکە خاوەنی ئیمیتیازی گۆڤارەکە ئیبراهیم ئەحمەد بووە وهیچ گۆڕانێکی بەسەردانەهاتووە، بەڵام بەڕێوەبەری ئیدارە عەلائەدین سەجادی بووە وپاشتر بەڕێوەبەری نووسینیشی وەرگرتووە. هەرچی سەرپەرشتیاریشە گۆڕاوە و هەریەک مەحمود شکوری داود و فایەق تۆفیق هۆشیار لەماوەی ئەم دەساڵەدا لەئەستۆیان گرتووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ لەو ساڵانەی ناویان هاتووە).

گۆڤاری گەلاوێژ هەر ژمارەیەکی بە پێوانەی 17×23سم یان 16.5×23 سم چاپکردووە. لە هەر ژمارەیەکدا، بەرگی پێشەوەی ناوی گۆڤارەکەی لەسەر بووە، کە لەنێو زنجیرە شاخێکدا وێنەی ئەستێرەیەکی تیشکدراو، کە تیشکەکەی پرشنگی لە دەوروبەری خۆی بڵاوکردۆتەوە، نەخشێنراوە. دوای ئەو بەرگە لە لاپەڕەی یەکەمییدا ناوی گۆڤارەکە جارێکی دیکە نووسراوەتەوە و لەخوارەوەی ژمارە و مانگ وساڵی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

چاپکردنەکە نووسراوە. جێی باسە بەدرێژایی ماوەی دەساڵەکە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر لۆگۆی گۆڤارەکەدا نەهاتووە. لەبارەی ژمارەی لاپەڕەکانی، بە سەرنجدان لە هەر ژمارەکانی گۆڤارەکە ئەوە تێبینی دەکرێت، کە گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی لاپەڕەکانییدا هاتووە، بەگشتی لەنێوان (66–103) لاپەڕەدا بووە. هەرچەندە بەشێک لە زۆری لاپەڕەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی دوو ژمارە پێکەوە. بۆیە دەبینین بەرگەکانی گۆڤارەکەش بە گوێرەی ساڵەکانی دەگۆڕێت. بۆ نمونە هەموو ژمارەکانی ساڵی دووەم، دوو ژمارە پێکەوە دەرکراون. بەڵام بەگشتی گۆڤارەکە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بێ دابڕان لەکاتی خۆییدا دەرچووە(ساڵح و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦، ل٣٤٣-٣٥٢ ؛ زەنگەنە و ساڵح، ٢٠٠٣، ل109–110؛ عباس، ١٩٨٨، ل26؛ تویژەر سەیری سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی کردووە) و، هەر ژمارەیەک 1000 دانە تیراژی بووە(احمد، ١٩٧٣، ص7؛ ساڵح و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦، ل19، 24).

گۆڤاری گەلاوێژ زۆر بەڕوونی لە ئامانجەکانی دواوە. لە ژمارەی یەکی ساڵی یەکەمدا، لە وتاری دەستپێکدا لەژێر ناونیشانی "خوێندەوارانی خۆشەویست !" بە پێنوسی ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە، ئامانجەکەی بەمشێوەیە نووسیوە:" یەکەمین نیازی بژاری زمانی کوردی وژیاندنەوە وژیاندنی ئەدەبیاتی کوردییە بە پاراستن و کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆن و ماوەدان بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی تازە، وترجمەکردنی نووسینی جوان و کتێبی چاکی بێگانە"( گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1939، ل2). هەروەها لە ژمارە 4ی هەمان ساڵدا گەلاوێژ، ئامانجێکی دیکە خستۆەپاڵ ئامانجی پێشووی و نوسیویەتی :" یەکەم هیوام وایە کە پرشنک یان پریشکی ئەم ڕۆژگاری دێرینی کورد، تاریکایی تاریخی نەختێ روون بکاتەوە. دووەم: زمانەکەمان تا دەست بڕوا بخاتەسەر ڕێگا وشێوەیەکی ڕاست وببێ بەهۆی بڵاوکردنەوە ودەرخستنی ئەو گەوهەرە جوان وشیرنانە"( گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٤، ١٩٤٠، ل١).

جێی باسە گۆڤارەکە بە زمانی کوردی بەپیتی عەرەبی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە شێوەزارەکانی دیکەی وەکو کرمانجی سەروو و گۆران هەندێک بابەت لەنێو رووپەری گۆڤارەکە دەبینرێن(زەنگەنە و ساڵح، ٢٠٠٣، ل110؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1944، ل52–53؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، ١٩٤٣، ل26–33 ؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، ١٩٤٣، ل31–42).

گۆڤارەکە ڕووبەڕووی گەلێک تەنگوچەڵەمە و کۆسپ بۆتەوە. لەوانە: کەمی داهات و نەدانی ئابونە و سانسۆری دامەزراوەکانی حکومەت وکێشەی گرانی کاغەز و چاپەمەنی بووە. عەلائەدین سەجادی وتویەتی:" گرنگترین زەحمەت و دژوارییەکانی دەرکردنی گەلاوێژ کەمیی داهاتی دارایی و سانسۆر و تەنگوچەڵەمەی کاغەز لەسەروبەندی دووەمی جەنگی جیهانی"( احمد، ١٩٧٣، ص7) .بووە، بەتایبەت لەو کاتەشدا کوردستان ڕووبەرووی تەنگژەیەکی ئابوری بووە و هەژاری تەنگی پێهەڵچنیبوون. هەروەها نەدانی ئابوونەش زۆر بەرۆکی گۆڤارەکەی گرتووە، بۆیە و تەواو سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە بیزارکردووە، بۆیە دەبینین لەژمارەکانی گۆڤارەکەدا چەند ڕێککارییەکان گرتۆتەبەر لەوانە: بڵاوکردنەوەی ناوی قەرزدارەکان و تکاکردن لەمییانی هەندێ نووسیندا وەکو" تکا لە خوێندەوارانی گەلاوێژ"و"مەخابن" و"لە گەلاوێژەوە" کە داوایان کردووە پابەندبن بەدانی ئابونەوە(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1941، ل95–96؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٩-١٠، 1942، ل95–96؛


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

عباس، ١٩٨٨، ل29-30). سەبارەت بەلایەنی دارایی و داهاتی گۆڤارەکە، فرۆشتنی گۆڤارەکە لەپێشەوە سەرچاوە داراییەکانی بووە ئەوەتا لە نوسینیکدا خاوەن ئیمتیاز نوسیویەتی: "گۆڤاری کوردی لە گیرفانی خوێندەوارە کوردەکانی بەو لاوە چ دەروپەکی تر شک نابات". بۆ ئەم مەبەستەش گۆڤارەکە نرخەکانی خۆی بۆ ناوخۆی عێراق و دەرەوە لەسەرەتا یاخود کۆتایی گۆڤارەکە بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە نرخەکان بەهۆی گرانیی وناڕەحەتییەکانی جەنگ گۆڕانی بەسەردا هاتووە.( گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، ١٩٤٠؛ سالّح و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦، ل343-352) سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتەکەی یارمەتییدانی کەسانی دەوڵەمەند و ناوداران و دەوڵەمەتدارانەوە بووە، لەوانە: لیوا بەهائەدین نوری یان عەلی کەمال، وێڕای یارمەتی خەڵکانی ڕۆشنبیر و دۆستانی خوێندەواری ناو شارەکانی کوردستان کە لەنێو رووپەڕی گۆڤارەکەدا ناو وبڕی پارەی بەخشینەکەیان بڵاوکراوەتەوە(احمد،1997،ل11؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1941، ؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧-1941،٨، ل97-101 ؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٦، 1947، ل72؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٩-١٠، 1947، ل99-104).

لەبارەی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە. لەسەرەتادا وا بەچاکزانراوە لای پیرەمێرد لەشاری سلێمانی چاپ بکرێت، بەڵام روئیای ئیبراهیم ئەحمەد بۆ گۆڤارەکە وابووە گۆڤارەکە لە شوێنێک چاپ بکرێت، کە ناوەندێکی ڕۆشنبریی باڵاتر بێت(ئەمین، ١٩٩٧، ل92-93). ئەوەبوو ژمارە یەک ودووی ساڵی 3 لە چاپخانەی ئەلنەجاح و لە ژمارە 3ی ساڵی سێیەمەوەش براوەتە چاپخانە مەعاریف لە بەغداد(سالّح و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦، ل23؛ ئەمین، ١٩٩٧، ل93). پەخشی گۆڤارەکە لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا گرتۆتەوە، ئەمەش لەرێگەی ئەو باوەڕپێکراوانەی خۆیان داناوە لەناو شاروشارۆچکەکاندا. لەسلێمانی: عمرقەزازومەلا مارف، سنە: شهاب الدین محی الدین، کەرکوک: مەلا خورشید، هەولێر: کتێبخانەی شیمال، تاران: ابراهیم وکیل، بەهەمان شێوە لە خانەقین وزاخۆ وعەمادیە ورەواندز وکۆیە(بروانە: بەرگی ناوەوەی پشتی گۆڤارەکە، کە سەرجەم باوەڕپێکراوەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە) گەلاوێژ گەیشتۆتە دەرەوەی عێراق وەک وڵاتەکانی ئێران وسوریا و فەڵەستین و میسر و لوبنان(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٦، 1944، ل14).

لەرووی ناوەرۆکەوە گۆڤاری گەلاوێژ، چەندین بابەتی جۆراجۆری نووسین و وەرگێڕانی مێژوویی وفەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و هزری و ئایینی و زانستی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیات ولێکۆڵینەوەی لەخۆگرتووە. هاوکات لاپەڕەکانی بەشێوەیەکی جوان ورێک بەسەر چەند گۆشەیەکی دیاریکراو وجێگیر دابەشکردووە وەک گۆشەی دیوانی گەلاوێژ، کوردی بەناوبانگ، لەباخی گولێک، چیرۆکی ئەم مانگە، کورد لای بێگانە(امین، ١٩٨٩، ل39 ؛ عباس، ١٩٨٨، ل28؛ توێژەر ڕوانینی بۆ سەرجەم ژمارەکانی کردووە).

گۆڤاری گەلاوێژ لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا بەچاوێکی پڕبایەخەوە تێڕوانراوە بەجۆرێک توێژەرێک بە"سەرەتای قۆناغێکی نوێی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا دادەنێت"(عمر، 1999، ص3) ، لای نەوشیروان مستەفا ئەمین بە "قوتابخانەی رۆژنامەگەری کوردی"(ئەحمەد: ٢٠٠٩، ل33) ولۆرانسی کوردناسیش بە"بەرزترین گۆڤارە ئەدبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"( امین، ١٩٨٩،ل14) ئەژمارکراوە. گۆڤاری رۆژی نوێ بە:"سەرچاوەی مێژوو و ئەدەبی کوردییە" تاریفی کردووە(گۆڤاری ڕۆژی نوێ،ژ:1960،٥، ل13). ئاشکرایە ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە بەرفراوانەی هەیبوە لەنێو ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی لەڕووی پاراستن و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

زیندوکردنەوەی کەلەپور ومێژوویی نەتەوەیی، ئەمە سەرنجی ئەدمۆنسی ڕاکێشاوە و بەخاڵی بەهێزی داناوە(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:1940،٨، ل3؛ تاڵەبانی، ١٩٨٧، ل14). تەنانەت سیاسییەکی هاوچەرخ بە فاکتەرێکی هەژمار کردووە بۆ دەرکەوتنی حزبی هیوا لە کوردستاندا(البطي، ٢٠١١، ص57).

لەساڵی 1949 لەدەرهاویشتەی ئەو بارودۆخەی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1948 کەوتەوە، کابینەکەی نوری سەعید پەنای بردە بەر ڕێوشوێنی توندوتیژ و گرتن و تیرۆرکردنی ئۆپۆزسیۆنەکان و داخستن و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازی 237 ڕۆژنامە و گۆڤار لەسەرتاسەری عێراقدا(باغي، 1979، ص265-266)، لەنێو ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەشدا، (گەلاوێژ) بوو بە قوربانی ئەو بارودۆخە و لە ساڵی دەیەمی دا داخرا، کە لەو کاتەدا خاوەن ئیمیتیازی گۆڤارەکەش بە تۆمەتی بەشداریکردن لەکاری سیاسی گیرابوو(احمد، ١٩٩٧، ل18؛ ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل38-39).

## باسی دووەم: گەلاوێژ و ڕۆڵی لە نووسینەوەی مێژوویی دا:

گۆڤار و ڕۆژنامەکان سەرچاوەیەکی گرنگ پێکدەهێنن لە نووسینەوەی مێژوودا و، یارمەتی مێژوونوس وتوێژەرانی مێژوو دەدەن وێنای بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریی ئەو قۆناغە مێژووییە بکەن. گۆڤاری گەلاوێژ وەک یەکێک لە گۆڤارە بەنرخەکانی کورد لەماوەی ساڵانی(1939–1949) بەچاوێکی پڕبایەخەوە ڕوانیویەتە مێژوو و لاپەڕەکانی خۆی ڕازاندۆتەوە بە چەندین نووسینی وتار ولێکۆڵینەوەی مێژوویی. کەمال مەزهەری مێژوونوس بۆچوونی وایە:" تا ئێستاش هیچ کام لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراق و دەرەوەی وەک گەلاوێژ بایەخیان بە مێژوو بەگشتی و مێژووی کورد بەتایبەتی نەداوە"(مەزهەر، 2008، ل140). تەنانەت چەندین گۆشەی بۆ تەرخانکردووە، وەکو:"سوچێک لەمێژوو"و"لەباخی گولێک"و"لە کون وقوژبنی تاریخدا"و"لەقەبرستانی تاریخا"و"چەرخێک لەمەوپێش" و"مردنی پیاوانی تەئریخی"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ: ژ:٣-٤، ١٩٤١، ل١-٤؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٩-١٢، ١٩٤١، ل٩٥-١٠٢ ؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٢، ١٩٤٦، ل٥٥-٥٧) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بایەخدانەی گەلاوێژ، باس لە گرنگترین کایەکانی نووسینەوەی مێژوویی لای گۆڤاری گەلاوێژ، دەکەین، کە ئەمانەی خوارەوەن:

### 1. مێژووی کورد و جوڵانەوەکەی:

گۆڤاری گەلاوێژ خزمەتێکی گەورەی بە مێژوویی کورد کردووە و، لە زۆربەی ژمارەکانییدا بابەتێکی مێژوویی لەبارەی مێژوویی کوردەوە لەخۆگرتووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئامانجە سەرەکیی گۆڤارەکەیە، کە بایەخدانە بە مێژوویی کورد وجاڕدانی بەگوێ تاکی کوردی لەپێناو هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، کە مێژوو یەکێکە لە ئامرازەکانی.

یەکێک لەو قۆناغە مێژووییانەی کورد، کە گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی پێداوە (مێژوویی کۆنی کورد)ە، گەلاوێژ لەمییانی چەند وتارێکەوە هەوڵیداوە نەژاد و بنەچەی کورد و زمان و ئایین و ئەو حکومەتانەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لەسەر زەمینی خاکی کوردستاندا دروست بوون، بخاتەڕوو. صاڵح قەفتان لە نووسینێکیدا لەژێر ناونیشانی"سەرچاوەی تاریخی اقوام ڕوناک نیە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣،1940، ل9-13)، ئاماژە بە بوونی ڕێسایەک دەکات بۆ هەموو نەتەوەکان بە کوردیشەوە کە سەرچاوە مێژووییان ڕوون نییە، لەسەر ئەم بنەمایە داوای لە مێژوونوسانی کورد کردووە وەک نەتەوەکانی دیکە، مێژووی نەتەوەکانی دیکە بپشکنن تا مێژووی خۆمان بدۆزینەوە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاژ:٣، ویژ،1940، ل١٢). ئەم پەرۆشییە لەلاپەڕەکانی گەلاوێژدا کاری لەسەر کراوە. تۆفیق وەهبی مێژووناس وزمانەوانی کورد لە نووسینێکیدا لەژێر ناونیشانی" زنجیرەیەک وتار لەبارەی بنج وبنەوانی زمانی کوردییەوە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1940، ل13-١٩؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1940، ل38-48؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٤، 1940، ل11-19؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٨، 1940، ل33-39) جەختی لەسەر بنەچەی کورد و زمان و حکومەتەکانی ماد وگوتی وکاردۆخی کردۆتەوە کە لەسەر خاکی کوردستان بوون. ئەو نوسیویەتی:" بە پێویستم زانی ئێستا بکەومە شوین شخصیتی ئەو نەتەوەیە، کە ئەمرۆ لەژێر ناوی گشتی ی کورد دا لە دونیا ئەناسری. بۆ دوزینەوەی بنچینەی کورد لزوم ئەبینی کولینەوە نەتەوەی باستانی یە لەناوچوەکانی کوردستان(لوللو، نایری، گوتی، سوباری...الخ)بکەین"(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1940، ل38). بۆ ئەم مەبەستەش کنەوپشکنینی سەرجەم ئەو سەرچاوە کۆنانەی کردووە، کە لەبارەی بنەچەی کوردەوە دواون وپێی وابوە مادەکان و گوردییەکان بنچینەی کوردن. بەکر عومەر یەحیاش لە دوو وتاری مێژوویی جیاوازدا بە ناونیشانەکانی "نەژادی کورد" و"یەکەم فەرماندەری گوتی لەبابل"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥، 1949، ل1-8؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٨، 1949، ل23-28) باس لە بنەچە ونەژادی کورد و مێژووی کاشییەکان و گوتییەکان و پەیوەندی کوردستان بە ئاشوورییەکانەوە کردووە. ڕوویەکی دیکەی لە خستنەڕووی مێژووی کۆنی کورد لای تۆفیق وەهبی (ئایینی کورد)ە، لەبابەتێکیدا بە ناونیشانی"دینی ی جارانی کورد"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١-١٢، ١٩٤٠، ل49-70) بە وردی پەنجەخراوەتەسەر ئەو پەرەسەندنە مێژووییە لە ئایینی نەتەوەکانی هیندوئەورووپییەکان وئێرانییەکان و کورددا هاتووە، هەر لەکۆنەوە تا هاتنی ئیسلام. هەر لە قۆناغی مێژوویی کۆنی کورد دا، فایەق هۆشیار بابەتێکی شوێنەواری، کە ئەدمونس لە جیوگرافیک جۆرناڵدا بڵاوی کردۆتەوە وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی. ئەم بابەتە باس لە دوو پەیکەری شوێنەواری دەکات لە ڕیزی شاخەکانی قەرەداغدا، ئەوانیش لە گوندی بیلوڵەودەربەندیخان و ڕووباری هەواسان دایە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣-٤، 1941، ل67-71).

گەلاوێژ ئاوڕی لەمێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی کورد داوەتەوە و لەچەند بابەتێکدا وێنای ئەو قۆناغە دەخاتەڕوو. لەبابەتێکیدا ڕەفیق چالاک بەناوی" ئەهلی سەلیب دێنە کوردستان" باس لەو بەرەنگارییەی کورد کردووە لەئاست هێرشی خاچدروشمەکان و چەند نمونەیەک دەهێنێتەوە وەک ئەمیری بازیان کە بە تەمی دەربندان ناوداربوو(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1939، ل12-13؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1940، ل40-46). هەر لەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

باسوخوازەدا بابەتێکی دیکە لە دوو ژمارەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی"صلاح الدين و ئەهلی خاچ"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٦، 1949، ل1-8؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1949، ل1-12؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٨، 1949، ل1-14) مەبەستی تێگەیشتنی تاکی کورد بووە لە هەوڵەکانی سەڵاحەدین ئەیوبی و چۆنییەتی ڕزگارکردنی قودس لە دەستی خاچدروشمەکان.

وێڕای ئەوەی سانسۆر لەسەر نووسینەکانی گۆڤارەکە هەبووە وەک لە باسی یەکەمدا ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام دەبینین گەلاوێژ بوێرانە چەند بابەتێکی لەسەر جوڵانەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە. لە سێ ژمارەی گۆڤارەکەدا بابەتی ڕۆژنامەیەکی ئەوروپی بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی "مەسەلەی کورد"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1946، ل52-57؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٩، 1946،ل15-23؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١، 1946، ل13-26) بابەتەکە گشت ئەو پەرەسەندنانەی جوڵانەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هاتونەتەکایەوە پیشان دەدات. لە سەرەتاکانی وتارەکەدا پانۆرامایەکی ورد نیشان داوە، کە هەر لەکۆنەوە چۆن کورد هەوڵیداوە مافەکانی خۆی دەستبخات. پاشان بە کورتی باسی دۆخی هەریەک لەو پارچانە دەکات و، داوای کردووە دوای جەنگی دووەمی جیهانی پێویستە ئاوڕێکی جدی لە پرسی کوردبدرێتەوە وچارەبکرێت"یەک لەو مەسەلانەی پاش جەنگ حەلێکی دەست بەجێی پێویست بێ مەسەلەی کوردە"(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1946، ل52). هەر لەم بابەتەدا نووسەر بە وردی بارودۆخی کوردی لە پارچەکانی تورکیا و عێراق و ئێران وسوریا و ڕوسیا دەخاتەڕوو وسیاسەتی ستەمکارانە ونادادییانەی هەریەک لەم وڵاتانە ئاماژە پێکردووە و نووسیویەتی:"لە تورکیا ئەمەیان پێ ناکرێ، عێراق تسهیلاتی ئەوتۆی نیشان نەداوە و ایران هەرباسی مەکە"(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1946، ل52). لە باسی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا تیشک دەخاتەسەر ئەوەی لەدوای داگیرکردنی ئێران لە ساڵی 1941 ئاهێک بە بەر خوێندەوەران و کوردپەروەراندا هاتۆتەوە. ئاماژەشی بەوە کردووە هزری کۆمۆنیزمی لەنێو هۆز وسەرانی کورد پەرەیسەندووە چونکە پێیان وایە ڕوسیا خودموختاریان پێدەدا. نوسەر ئەمە ڕەتدەکاتەوە و پێشبینی خۆی بەو دەردەخات ڕوسیا لەگەڵ ئێران ڕێدەکەوێت وکوردەکان هیچیان دەست ناکەوێت. لەبارەی کوردانی سوریاش دەدوێت و بەشداریان بەزر دەنرخێنێت لە حکومەتی دوای ئینتدابی فەرەنسی(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١، 1946، ل13-26). هەر لە چوارچێوەیەدا گۆڤاری گەلاوێژ بەسێ ژمارە بەناونیشانی "کورد لای بێگانە" ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە لە کتێبەکەی ئەلبێرت حۆرانی" کەمینەکانی جیهانی عەرەبی–Minority in the Arabic World"چاپی1947 وەرگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1948، ل41-48؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1948، ل1-7؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1948، ل25-29). لە ئەم بابەتەدا تیشکخراوەتەسەر کورد و دیمۆگرافیای کورد، پاشان لە مێژووی کورد و بەرەنگاربوونەوەکانی دواوە هەر لەسەردەمی شێخ مەحمود و ماوەی ئینتداب و ڕووبەڕووبونەوەی پەیماننامەی ساڵی 1930 و شۆڕشی بارزان 1943 بگرە تا بزوتنەوەی نیشتمانی لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پارچەکانی دیکەی کوردستاندا. ئەو پێیوایە بزاڤی نەتەوەپەروەری لەنێو کورد دا بەهێزە، بەڵام خواستەکانی کورد ڕووبەڕووی گەلێک تەنگوچەڵە بونەتەوە و، ئەو پەرەسەندنەش دەخاتەڕوو، کە لەخواستەکاندا هاتوتەکایەوە(سەرەتا سەربەخۆیی، دواتر ئۆتۆنۆمی). نوسەر ئۆتۆنۆمی وەک خواستی کورد لەو قۆناغەدا بەکارێکی بەپەلەی سەیرکردووە و ڕاوبۆچوونی وایە ئۆتۆنۆمی بە کورد نادرێت بەهۆی"ناکۆکی و ناتەبایی ناوخۆیان، تورک وئێران بێ گومان بەرهەڵستی ئەکەن"(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1948، ل5). هەروەها باس لەکوردانی قەفقاس ویەکێتی سۆڤیت وپەرەپێدانی ڕۆشنبیریی لەوێ کردووە. لەمەدا نمونەیەکی هێناوەتەوە وتویەتی لە ڕۆژهەڵاتی قەفقاس 400 چاپکراو وکتێب بەتیراژی800 هەزار دەرچووە، بەڵام لەماوەی 25 ساڵی رابردوودا لەهەموو بەشەکانی دیکە 200 کتێب بە تیراژی 50 هەزار دەرچووە(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1948، ل5). بەشی سێیەمی نوسینەکەش تایبەتکراوە بە گەشانەوە ی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی وشانۆ لە یەریڤان. نووسەر لێرەدا نمونە بەو پەرەسەندنە ڕۆشنبیرییە دەهێنێتەوە، کە لەناو کوردانی سۆڤێت داهاتۆتەکایەوە وباسی کەناتی کوردۆ، حاجی جنیدی، ئەمین ئەفزال وخوێندەوارانی کورد کردووە کە پلەی زانستی باڵایان بەدەستهێناوە. هەروەها بەشداری کورد لە بواری سیاسی ودەوڵەتداری لە یەکێتی سۆڤێت خراوەتەڕوو بۆ ئەمەش باس لە بوونی نزیکەی 200 نوێنەری کورد لە سۆڤێتەکاندا، جێگری وەزیر کردووە(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1948، ل25–29).

لەلایەکی ترەوە، گەلاوێژ بابەتێکی پشکۆی بەناونیشانی"کورد لە ئەنسایکلۆپیدیای تورکیدا"بڵاوکردۆتەوە بە ئامانجی ئەوە بۆ خوێندەواری کوردی ڕوونبکاتەوە کەسانێک هەن لە پێناو سیاسەتەدا هەوڵدەدەن مێژوو و شوناس ونەژادی گەلان بشێوێنن(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1944، ل15–19؛ مەزهەر، ٢٠٠٨، ل144). حوسێن حوزنی موکریانیش باسێکی بڵاوکردۆتەوە لەسەر "کورد لە روسیادا" تێیدا ئەوەی خستۆتەڕوو، کە کورد پێشتر لەناوچەکانی ئاگری داهەبوون وپاش جەنگی یەکەمی جیهانی لکێنراون بەکۆماری ئەرمینیاوە وبونەتە بەشێک لەم وڵاتە و، لەوێ مافی ڕۆشنبیریی وفەرهەنگی و خاوەن رۆژنامە ودەنگی خۆیانن(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٦، 1944، ل25–29). ڕوویەکی تر لە مێژووی کورد لەنێو گەلاوێژدا باسکردنی مێژووی هۆز و شاروشارۆچکەکانی کوردستانە، ئەوەتا هەریەک لە حسێن فەهمی بەگ لەژێر ناونیشانی"خولمار" مێژووی خورماڵ بەوردی نوسیوتەوە لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوەکاندا، هەروەها ناجی عەبسا بەناوی"لاپەڕەیەکی زیرین لە تاریخی ئەربیل" مێژووی شاری هەولێر دەخاتەڕوو. یەدوڵڵا ڕەزایش"پەڕەیەک لە تاریخی کەڵهوڕ" بەشێوەزاری کەڵهوڕی دەخاتەڕوو(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١٢، 1944، ل1–10 ؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1942، ل10–17؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١، 1944، ل31–24). سەرەڕای ئەمانەش، گەلاوێژی بایەخێکی زۆریداوە بە مێژووی ئەدەبی و، ژیان وبەرهەمی ڕۆشنفکرانی کوردی بۆ زیندووراگرتووین. گیوموکریانی بابەتێکی بەناونیشانی "مێژووی ئەدەبی کوردی" بڵاوکردۆتەوە ، هەروەها ئەدیبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "ئەختەر" کە لەسەدەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

نۆزده ژیاوه یاخود شاعیر كرماشانی سولتانی كه لەدەوروبەری ساڵی 1834 ژیاوه بەخوێندەوارانی كورد ناساندووه(بڕوانه: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1944، ل11؛ مەزهەر، ٢٠٠٨، ل١٤٤-١٤٥).

## 2. جەنگی دووەمی جیهانیی و ڕووداو و دەرهاویشتەكانی دوای جەنگ:

دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر جەنگی یەكەمی جیهانییدا (1914-1918) بۆ جارێكی دیكە، جیهان دابەشبوه بەسەر دوو گڵۆتی سەربازی دژبەیەک (وڵاتانی هاوپەیمانەكان و وڵاتانی تەوەر)دا جەنگێكی مەزنی دیكه كه ماوەی ساڵانی 1939-1945 خەیاند بەرۆكی جیهانی مرۆڤایەتی گرتەوه. سەرەتای جەنگەكەش بەوه دەستی پێكرد كه ئەڵمانەكان له1ی مانگی نۆی ساڵی 1939 هێرشی كرده سەر پۆڵۆنیا و بێگوێدانه هۆشدارییەكانی وڵاتانی دیكه داگیری كرد، ئەمەش بووه هۆی نارەزایی وڵاتانی دیكه وبەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی. ئەم جەنگه سەرتاسەری جیهانی گرتەوه، و پەشێوی له ژیانی سیاسی وئابوری ناوچەجیاجیاكانی جیهاندا نایەوه، بەجۆرێک شوێنەوار وكاریگەرییەكانی له تەواوی دونیادا پەرەیسەند. كه دواجار لەساڵی 1945 به خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا و گرتنی بەرلین لەلایەن یەكێتی سۆڤێتەوه كۆتایی پێهات(بۆ زانیاری لەمەڕ جەنگی دووەم وهۆكار وڕووداوەكانی. بڕوانه: حوسێن، 2012، ل137 ودواتر). هەرچەنده عێراق ڕاستەوخۆ بەشداری جەنگی دووەمی جیهانی نەبووه، بەڵام بەهۆی ئەو پەیوەندییه به بەریتانیاوه دەیبەستەوه له 5ی ئەیلولی ساڵی 1939 پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیادا بچڕی، وابەستەبوونی خۆی به بەریتانیا و، كاركردن دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند. ئەم جەنگه گرانییەكی سەخت ودژوار و دۆخێكی دوور له ئازادی و دیموكراسی و سەپاندنی باری ناكاوی له عێراقدا هێنایەكایەوه(حمیدی، 1976، ص9 ومابعدها).

گۆڤاری گەلاوێژ لەماوەی جەنگەكەدا توانیویەتی ڕۆڵێكی گرنگ بگێڕێت لەڕووی هۆشیاركردنەوەی خوێندەوارانی كورد و ئاگاداركردنیان له ڕووداوەكانی جەنگ، ئەمەش لەلایەک لەخستنەڕووی دۆخی سیاسی و سەربازی وئابوری هەریەک له دەوڵەته سەرەكییەكانی جەنگەكه ڕەنگدەداتەوه. ئەوەتا له بابەتێكدا بەناونیشانی"دوو پارسەنگەكەی جیهان ئەمریكا و یەكێتی سۆڤێت"( بڕوانه: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1941، ل16-29)، باس لەهێزی سەربازی وئابوری وپەیوەندییه نێودەوڵەتییەكانیان دەكات لەسەر ئاستی جیهاندا، كه هەریەكەیان جەمسەرێكی گرنگی جەنگەكەبوون. له بابەتێكی تردا بەهەمان شێوه باسی "ژاپۆن"( بڕوانه: گۆڤاری گەلاوێژ،٣-٤، 1941، ل ل20-23) ونیازەكانی بۆ هێرشكردن و گرتنی مەنشوریا و باشوری چین به وردی دەخاتەڕوو. لەلایەكی دیكه له گرنگترین ئەو بیروباوەڕانەی لەماوەی جەنگەكەدا بەربڵاو وباوبوون دواوه وەک دیموكراسی وفاشیزم و نەتەوەیی و سۆشیالیزم وكۆمۆنیزم (بڕوانه: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧-٨، 1941، ل64-73) كه لەمەدا بیروباوەڕی هەریەک له دەوڵەته سەرەكییەكانی جەنگەكەی خستۆتەڕوو بەشێوەیەک له بیری فاشیزمدا به وردی باسی پەرەسەندن وسەرهەڵدانی مۆسۆلۆنی دەكات له ئیتاڵیادا. گەلاوێژ به شێوەیەكی دیكەش هەوڵیداوه خوێندەواری كورد به ئاگا وهۆشیار بكات لەمەڕ جەنگەكه؛ ئەویش له ڕێگەی باسكردنی

ئەو سەرکردە بەناوبانگانەی جیهان کە ڕۆڵیان لە جەنگەکەدا هەبوو. لە وتارێکییدا بەناوی "پیاوە هەر بەناوبانگەکانی ئەمڕۆ"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١-٢، 1941، ل12-27) باسی ژیان وسیایەتی هەریەک لە چەرچلی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و هیتلەری ئەڵمانیا و ستالینی ڕوسیا کردووە. لە بابەتێکی تردا بەناوی "خوای یابان هیرۆهیتۆ ئیمپراتۆری ژاپۆن"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧-٨، 1941، ل15-18) بەهەمان شێوە بیروباوەڕ و سیاسەتی یابان لە ئاسیا دەخاتەڕوو.

ڕوویەکی دیکەی جەنگی دووەمی جیهانی، کە لە گۆڤارەکەدا شوێنکاری بەجێهێشتووە و هەوڵیداوە وێنای جەنگەکە بۆ خوێنەدەواری کورد بکات. باسکردنی گرنگترین ئەو شەڕ و داگیرکردن و ڕووداوانەی نێو جەنگەکەیە. بۆ ئەم مەبەستە چەند بابەتێکی لەژێر ناونیشانی"شەڕی نێوان چین وژایۆن" و"چۆن فەرەنسا شکا"و"فنلەندە(شەڕی یەکێتی سۆڤێت وفنلەندا)" و "و"نەرویچ چۆن گیرا"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١-٢، 1941، ل41-59 ؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1939،ل53؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1942، ل56-69) بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا لەزاری سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە و گرنگترین ئەو هۆکار وپێشهاتە دەخاتەڕوو کە بوونەتە هۆکاری ئەم کارەساتانەی ڕووبەڕووی وڵاتەکانیان بونەتەوە. هەروەها هەواڵی ململانێ ناوخۆیی یۆنان لەنێوان پاشا جۆرج و ژنەراڵ جۆنس میتاکساس کە دوایی هات بە هاتنەسەر حوکمی جۆنس میتاکساس وهێرشی ئیتاڵیا بۆ سەر یۆنان، کردووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١-١٢، 1940، ل36-37). سەرباری ئەمەش بەیانی نەتەوە یەکگرتووەکانی 2ی کانوونی دووەمی ساڵی 1942 لە واشنتن بەناونیشانی "بەیانی دەوڵەتە یەک گرتووەکان"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1943، ل27-29) بڵاوکردۆتەوە، کە لە بەیانەکەدا جەختی لەسەر بەگەڕخستنی سەرجەم توانا دارایی و سەربازییەکانی وڵاتان دەکرد دژی وڵاتانی هاوپەیمانی سێ لایەنە (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، یابان)، کە عێراقیش یەکێک بووە لە واژۆکارانی. ڕووداوی هێرشی ئەتۆمی ئەمریکا بۆ سەر شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی یەکێکی دیکەبووە لەباسوخواسەکان، کە لە ڕێگەی شیعر و وتارەوە باسیکردووە. لە بابەتێکیدا بەناوی "یەکەم کەس کە ئەتۆمی شکاند" باسی زانایەکی ئەڵمانی بەناوی (هۆهن)ەوە دەکات و پاشان نووسیویەتی:" زاناکانی ئەمریکا بە پەیڕەوکردنی بیری هۆهن ئەو بۆمبە ئەتۆمەیان دروستکر کە شاری هیرۆشیما و ناکازاکی ژاپۆنی سەرەوژێرکرد"( گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1946، ل18) جگە لەمەش بێکەسی شاعیر، بە شعرێک ئیدانەی ئەم ڕووداوەی کردووە و لەگۆڤارەکەدا بڵاوی کردۆتەوە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:1945،١٢،ل35-36).

گۆڤاری گەلاوێژ لەنێو ڕووپەڕی لاپەرەکانییدا هەڵوێستی خۆی و نوسەر و ڕوناکبیرانی کورد وعەرەب بخاتەڕوو لەمەڕ جەنگی دووەمی جیهانی. لەبابەتێکدا بەناونیشانی"شەڕ خراپەی لێ ئەوەشێتەوە یا چاکە" بۆچوونی هەریەک لە ڕوناکبیرانی عەرەب تەها حوسێن و محمد حوسێن هەیکەل نیشان دەدات لەمەڕ جەنگەکە. نوسەرێکی دیکەی کورد بەناوی عەبدولقادر مستەفا لە بەدواداچونێکییدا پێیوایە هەر جەنگێک بۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕزگاربوون لە سیستەمی فاشیزم ونازیزم بکرێت شەڕی سەربەستی و ڕزگارییە، خودی گۆڤارەکەش لەم بارەیەوە لێدوانی خۆی لەسەر ئەو نوسینە داوە و نووسیویەتی:"ڕەنگە ڕاست نەبێ ئەگەر بوترێ دەوڵەتە سەرمایەدارەکان چونەتەشەڕەوە بۆ نیازی ڕزگارکردن و پاراستنی سەربەستی و دیموکراتی چونکە بە بەرچاو ئەمانەوە و بەچەپڵەی ئەمان بوو...شەڕی ئێستا...تەنیا بۆ پاراستنی کۆڵۆنی وڵاتە ژێردەستەکان و بازاری بازرگانان و کەرەستەی زۆری ناو مستعمرەکان، بۆ پاراستنی ئامانجی ئیمپرایالیزمی خۆیان بووە". هەروەها ڕوناکبیرو شاعیری کورد گۆران پارچە هۆنراوەیەکی خۆی بەناوی "دیاری خوای شەڕ" بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤارەکەدا کە هەڵوێستی ناوبراو وەک ڕۆشنبیرێکی کورد لەمەڕ ئەم ڕووداوە جیهانییە دەخاتەڕوو(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٩-١٢، 1941، ل57- 62؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧-٨، 1943، ل48-50؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١، 1946، ل1؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1946، ل19-23). نوری ئەمین محمد بابەتێکی بەناونیشانی"شەڕ بۆ هەڵئەگیرسێت؟ وکێ هەلیئەگیرسێنێت؟"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١، 1946، ل1) پەخشکردووە تێیدا پەنجەدەخاتەسەر فاکتەرەکانی ڕوودانی جەنگەکان لەمێژوودا و هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی دەخاتەڕوو، کە بەبۆچوونی نووسەر خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی بەرژەوەندییە کۆڵۆنیالیزمییەکان ودەستگرتن بەسەر سەروەت وسامانی جیهاندا. هەر لەو ڕووەوە بابەتێکی دیکە بە ناونیشانی"سەروەتی مەعدەنی وشەڕی ئێستا"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1942، ل6) ی وروژاندووە کە تێیدا باس سوتەمەنی کردووە کەرەستەی کاریگەر وئامرازی بردنەوە لەسەر ئەنجامەکانی جەنگەکە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، بەدواداچوونی بۆ دەرئەنجامەکانی جەنگەکەش کردووە. لەم بارەیەوە زانیارییەکی ورد لە زاری تۆماس ریڤرزی پزیشکەوە تۆمار کردووە، کە ئاماژە بەدەرئەنجامە خراپەکانی جەنگ کردۆتەوە وەک ماڵوێرانی و سەرگەردانی و ئاوارەبوونی خەڵکی و بڵاوبونەوەی نەخۆشی. لە بابەتێکی تردا تێچووی جەنگەکە لەزاری بانکی تەسویەی ئەوروپییەوە دەخاتەڕوو وبە 680 ملیار دۆلاری ئەمریکی قەبڵاندویەتی(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١، 1946، ل12؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٩-١٢، 1941، ل70). هەروەها هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی"هیتلەر سوتاوە؟"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1949، ل46) لەسەر چارەنووسی هیتلەر وئەو بەڵگانە دەخاتەڕوو کە هیتلەر نەسووتاوە. دەرئەنجامێکی تری جەنگەکە دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی "نەتەوە یەکگرتووەکان" بووە وەک بەرپرسیاری ئاشتی لە جیهاندا. گۆڤاری گەلاوێژ "پەیمانی ئەتلەسی"ی 14ی ئابی 1941 نێوان بەریتانیا و ئەمریکای بڵاوکردۆتەوە بەناوی"دەستوری ئەتلانتیک"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٩-١٠، 1943، ل25-27) کە لە یەکێک لە بەندەکانییدا باسی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کردووە. هەروەها بیستون بابەتێکی لەژێر ناونیشانی "حەقی ڤیتۆ چییە؟"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٩-١٠، 1947، ل86) لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە ولەمییانی ئەم بابەتەدا باس لەم ڕێکخراوە دەکات و پاشتر زانیاری ورد لەمەڕ ئەو دامەزراوەیە و مافی ڤیتۆ وهەڵوێستی وڵاتانی جیهان نیشان داوە. لەسەرێکی ترەوە گۆڤاری گەلاوێژ لەچەندین بابەتییدا ئاماژەی بە سێ دەرهاویشتەی گرنگی جەنگەکە کردووە، لەوانە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

1. هەنگاونانی جیهان بەرەو دیموكراسی، بۆ ئەم مەبەستە لە زۆربەی لاپەڕەكانیدا ولەسەروبەندی جەنگ ودوای جەنگیش چەندین بابەت دەبینرێن لەبارەی سەربەستی و ئازادی و حوكمڕانی دیموكراسی و خراپییەكانی دیكتاتۆریەت دەدوێن، وەكو بابەتەكانی:"سەربەخۆیی باوەڕ لەعانی شەڕدا"و، وەرگێڕانی بابەتێكی جۆن ستیورات مل بەناونیشانی "سەربەستی"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣-٤، 1942،ل4؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1946، ل10؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١-٢، 1941،ل2؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1940،ل77). هەروەها باسكردنی خراپەی هزری فاشیزم ونازیزم"ئەو شارستانیەتەی نازی بڵاوی ئەكردەوە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٦، 1946، ل48)، كە تیشكدەخاتەسەر ئەوماڵوێرانەی ئەم هزرە لە جیهاندا دروستیكردووە.

2. پەرەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازی وسەربەخۆخوازی: لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بزاڤە سەربەخۆخوازییەكانی جیهان پەرەسەندنێكی بەرچاویان بەخۆوەدی وهەوڵەكانیان لەبارەی سەربەخۆی و رزگاریخوازییدا هیدی هیدی بە ئاكامی رزگاربوون لەداگیركەرەكانیان هاتەدی. گۆڤاری گەلاوێژ لەنێو لاپەڕەكانییدا گرنگیی بە بزاڤی سەربەخۆخوازی و رزگاریخوازی داوە. لەم بارەیەوە چەند بابەتێكی لەسەر بزاڤی سەربەخۆخوازی چین وهیندستان و ئەندۆنیزیا و مەكدۆنیا و هیندی چینی فەرەنسی و ڤێتنام ویوگسلاڤیا پەخشكردووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1946، ل22-24؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1949، ل8؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٢، 1947، ل17؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-٦، 1941، ل11؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٨، 1946، ل13-21؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٧، 1949، ل23). جگە لەمەش صالح حەیدەری لەژێر ناونیشانی"بزوتنەوەی نیشتمانپەروەری چۆن پەیدابووە؟"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٥، 1944، ل26) فاكتەرەكان وپەرەسەندنی بزاڤی نیشتمانپەروەری و سەربەخۆخوازی گەلانی دونیای خستۆتەبەرباس ولێكۆڵینەوە.

3. جەنگی سارد: لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییدا، جیهان بەرەو دوو جەمسەری جیاواز هەنگاوی نا، كە لەڕووی سیستەمی سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا لە یەكتری دووربون، ئەمەش رێخۆشكرد بۆ ململانێیەكی درێژخایەن لەنێوان (یەكێتی سۆڤیت و ئەمریكا)( لەبارەی جەنگی سارد ومەیدانەكانی ئەم جەنگە بڕوانە: حوسێن، ٢٠١٢، ل181 ودواتر) . هەرچەندە گۆڤاری گەلاوێژ لەبارەی ئەم چەمكەوە نەدواوە، بەڵام ڕووداوەكانی بەرایی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان ئەم دوو هێزە وێنا كردووە و خوێندەواری كوردی پێ ئاشناكردووە. ئەوەتا گۆڤاری گەلاوێژ وتارێكی ئەلیكسی سوكولۆڤ وەردەگێڕێتەسەر زمانی كوردی بەناونیشانی"دوو جۆر دیموكراسی" نوسەر لەم وتارەدا دیموكراسی دابەشی دوو جۆركردووە ئەوانیش ئەنگلۆساكسۆن و یەكێتی سۆڤێت یان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٤، 1946، ل1). هەروەها لە بابەتێكی تردا بەناوی "مەترسی شەرر" مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕ نیشاندەدات و ئەو پرسیارە دەوروژێنت "ئەو دەستە سیاسیانە لەچی ڕازی نین ولەدونیای دوای جەنگدا چی یان بەدڵ نییە؟"، بۆیە نوسیەتی: "بەو نیازەن كە دونیا كوت كوت بكەن بەسەر چەند كامپێكی دوژمن ناحەز بە یەك دا"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٦، 1946، ل11) . سەعید ناكامیش لە بابەتێكدا بەناونیشانی"بازرگانانی شەڕ وشانۆگەری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئێران"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1946، ل16) پەنجەدەخاتەسەر (ئێران)وەک ناوەندێکی ئەم ململانێیەی نێوان یەکێتی سۆڤێت و ئەمریکا وچەندین چەمکی گوزارشتی ئەو دۆخە دەخاتەڕوو وەک مەترسی کۆمۆنیزم، مەترسی سور، سوێنین خوارەکان. سەیرتر لەمانەش بابەتێکی پێشوەختەی لەزەمەنی خۆی پەخشکردووە بەناونیشانی "لایەنی نەگرتن (بێ تەرەفی)"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٩-١٩، 1947، ل67) لەبارەی هەڵوێستی میسر، کە دواتر میسر بوو بە یەکێک لە وڵاتانەی خاوەنی بیرۆکەی (بزاڤی وڵاتانی بێلایەن- حرکە عدم الانحیاز) بوون، کە لەساڵی 1955 لە دوای کۆنگرەی باندونگ دامەزرا(شكري،1978، ص85-109).

## 3. ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوخۆیی عێراق:

دوای ئەوەی حکومەتی نوری سەعید لە 5ی ئەیلولی 1939 پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیادا پچڕاند و خۆی وابەستەی بەریتانیەکان کرد و چەند کارسازی بەرامبەر بە ئەڵمانەکان گرتەبەر، لێرەوە عێراق بوو بە بەشێک لە جەنگی دووەمی جیهانی لەپاڵ وڵاتانی هاوپەیماندا. بەڵام هێندەی نەبرد لە ئاکامی ئەو دۆخەی وڵات پێیدا گوزەری دەکرد جولانەوەیەکی مەزن سەرتاسەری عێراقی گرتەوە کە بە جولانەوەی مایسی 1941 یان ڕەشید عالی گەیلانی ناسراوە. بەبەتایبەتی پاش ئەوەی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی ڕاگەیاندرا، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی بەریتانییەکان و لە 2ی مایسی 1941 پەلاماری سوپای عێراقیاندا و شەڕ لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسا. ئەم جولانەوەیە چەند مانگێکی خەیاند و بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا(لەبارەی جولانەوەی مایس1941 بڕوانە: حمیدی، ١٩٧٦، ص34-67).

لەبارەی ئەم ڕووداوەوە، گۆڤاری گەلاوێژ هیچ جۆرە بە دواداچونێک بۆ ئەم جولانەوە سەرەتاسەرییەی عێراق ناکات و باسوخواسی لەسەر بڵاونەکاتەوە. د.کەمال مەزهەر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ کورتی ماوەی جولانەوەکە و پێیوایە گەلاوێژ کە خۆی دوو مانگ جارێک ژمارەیەکی لێ دەرچووە لەو ساڵەدا بۆیە فریای ئەوە نەکەوتوو هیچی لەبارەیەوە بڵاوبکاتەوە، قادر قەزازیش کە یەکێک بووە لە سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە دووپاتی هەمان ڕاوبۆچوونی کردۆتەوە و درەنگ دەرچوون و کورتی ماوەی جولانەوەکەی بەهۆکار زانییوە(امین، ١٩٨٩، ل22). ڕەنگە هۆکارێکی دیکە بۆ باسنەکردنی ئەم ڕاپەڕینە لە نێو گۆڤارەکەدا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گۆڤارەکە لە بەغداد دەرچووە، بۆیە سەرپەرشتیاران و نوسەرانی گۆڤارەکە لەوانەیە ئاشنابووبن بەهزر وبیرکردنەوەی سەرانی ڕاپەڕینەکە ولە نێت وخواستی ناسیۆنالیزم وقەومچێتی عەرەبی سەرکردەکانی تێگەیشتبن و بە مەترسیان زانیبن بۆ کورد بەتایبەت کە یانەی سەرکەوتن لەلایەن ئەوانەوە داخرا.

لەدوای جولانەوەی مایسدا، یەکێک لەو پرسە گرنگانەی لەساڵی 1943 وروژاوە لە عێراقدا، پرسی هەموارکردنی مافە بنەڕەتییەکان بوو لە دەستوری عێراقییدا، هەرچەندە هەوڵەکان بۆ ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی دووەمی جیهانی، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی عێراقەوە دواکەوتبوو. سەبارەت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەمە گۆڤاری گەلاوێژ وەک پرسێکی گەرمی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق، ئەم پرسەی وروژاندووە و باسوخواسی لەبارەوە بڵاوکردۆتەوە. پیرەمێردی شاعیر لە بابەتێکدا بەناونیشانی "حقوقی اسیاسیە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1943، ل10) بە پوختی سەرنج دەخاتەسەر ڕاوبۆچوونی نووسەران و یاساناسان و، لەبارەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان ولێپرسینەوەیان و مافە سیاسی و مەدەنی و سزاییەکان دواوە. هەر لە قۆناغەدا پرسی دروستکردنی یەکێتی عەرەبی باسوخواسێکی دیکەی نێو عێراق بووە، گۆڤاری گەلاوێژیش بەدوور نەبووە لەم بابەتە. عەلی کەمال بابەتێکی بەدواداچوونی بەناونیشانی"کورد ویەکێتی عەرەب" لەسەر نووسینێکی نوسەری ناوداری عەرەب (عەبدوڵڵا بەگ عەزام) کردووە و ڕاوبۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەم پرسە دەربڕیوە ونووسیویەتی: "جا بەم بۆنەیەوە کورد وەکو ئارەزووی سەرکەوتن وبەرزی خۆی ئەکا، هەروەهاش حەز بە سەعادەت و پێشکەوتنی میللەتی نەجیبی عەرەب ئەکات، و لەرێگای یەکێتی ئەوانا هیچ مانعێک بۆی نابینێ...ئێمەش وا بەچاک ئەزانین خاکی کورد خارجی یەکێتی ولاتە عەرەبییەکان نەبێ بەو شەرتەی چۆنییەتی نیزامی مەملکەتی کوردیش وەک شکڵ وئیدارەی ئەو مەملەکەتانە بێ کە یەکێتی عەرەب پێک دێنن"( گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١٢، 1943، ل4). هەروەها سودە ئابوری و سیاسییەکانی بۆ کورد بە گرنگ زانییوە. بەهەمان شێوە ڕەفیق چالاکیش بەناونیشانی"کورد ویەکیەتی عەرەب"بابەتێکی نوسیوە، بەدەر لەوەی پشتگیری وتارەکەی عەلی کەمالی کردووە، ئاماژە بە گرنگی ئەم یەکیەتییە و سودەکانی کردووە و ڕای خۆی دەربڕیوە و نووسیویەتی:" تا قە ڕێگای سیاسی بێ خۆلەناوبردن بێت ئێستاکە بۆ رزگارکردنی کوردستانی بەشکراو ئەوەیە نەتەوەی کورد بچێتە حەلقەی یەکێتی عەرەبەوە..."(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٤، 1944، ل7).

دوایی کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لەساڵی 1945 و سەرکەوتنی هێزە دیموکراسییەکان بەسەر هێزە تۆتالیتاریزم و فاشیستەکاندا. جیهان وەرچەرخانێکی گەورەی لەڕووی سیستەمی حوکمڕانییەوە بەخۆوەدی. لەعێراقدا فشارە ناوخۆییەکان و خواستی خەڵکی بۆ چاکردنی ژیان وگوەزەرانیان وبەرزبوونەوەی هۆشیاری سیاسی لای خەڵکی کاریگەری لەسەر حکومەت بەجێهێشت، بۆیە وەصی عێراق لە گوتارێکدا بانگەشەی بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی ودروستکردنی پارتی سیاسی و هەمواکردنی یاسای هەڵبژاردن ولابردنی باری ناکاو و چاکسازی کۆمەلایەتی و ئابوری کرد. لەئاکامی ئەم دۆخە پاش دانوستاندن ومشتومڕی چەند ڕۆژە تۆفیق سویدی کابینەکەی خۆی لە 23ی شوباتی ساڵی 1946 پێکهێنا. هەرچەندە کارنامە کابینەکە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا بەهۆی مۆڵەتدان بەدامەزراندنی پارتە سیاسییەکان وئازادی رۆژنامەوانی وهەمواکردنی یاسای هەڵبژاردن، بەڵام ناچار بەدەست لەکارکێشانەوە کرا. لێرەوە بەهۆی سیاسەتی توندودژواری کابینە حکومییەکانەوە نارەزایی وناسەقامگیری سیاسی لێکەوتەوە، بۆیە حکومەت سپێردرا بە نوری سەعید، کە وەزارەتەکەی خۆی لە 21 نۆفمبەری 1946 پێکهێناو و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و بانگەشەی هەڵبژاردنی کرد(لەبارەی پەرەسەندنە سیاسییەکانی عێراق بڕوانە: باغی، ١٩٧٩، ص70-83، 134-148).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەم گۆڕانکارییە سیاسیانەی لەسەرەوە باسکرا، ویڕای ئەوەی گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبریی بووە، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان لەمییانی وتارەکاندا ڕەنگدانەوەی لەنێو لاپەڕەکانی گۆڤارەکە دا هەبووە. ئەوەتا عەلی کەمال ئەو بارودۆخە ئازادییەی، کە هاتۆتەکایەوە بەهەلزانیوە لە بابەتێکیدا بەناونیشانی"اصلاحات لە کوردستانا"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1944، ل42-51) هەوڵیداوە گەلێک کارنامەی چاکسازی بخاتەبەردەم حکومەت بۆ گۆڕانکاریکردن لە ناوچەکانی کوردستاندا وەک کردنەوەی پارێزگایەکی دیکە لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن لە موسڵ و بایەخدان بە مەعاریف و دانانی فەرمانبەر و پەرەپێدان بە خزمەتگوزارییەکان. هەر لە گۆڤارەکەدا پرسی هەڵبژاردن، کە لەدوای جەنگ لەلایەن پارتە سیاسیەکان و حکومەتەوە وروژاوە، بایەخی پێدراوە و لەدوو ژمارەدا لەلایەن ف.ڕ وفایەق هۆشیارەوە بابەتێک بە ناونیشانەکانی"هەڵبژاردن"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:١٢، 1945، ل1-6) و "پەرلەمان وهەڵبژاردن"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٣، 1947، ل-1-20)بڵاوکراوەتەوە. تیایدا سەرنجیان داوە لەمەڕ شێوازەکانی هەڵبژاردن و ئەو پەرەسەندنانەی لە پەرلەماندا لەڕووی یاساییەوە هاتۆتەکایەوە بەجۆرێک لە وتاری دواهەمینیاندا ئاماژە بەو مشتومڕکردنانە کراوە، کە لە یاسای هەڵبژاردنی عێراقییدا لەپەرلەماندا ئەنجامدراوە وەک هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ. نووسەر لەکۆتاییدا ڕای خۆی وتووە و، نوسیویەتی:"ڕەنگە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ گەلانی تازەپێگەیشتوو ئاسان نەبێ"(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:١٢، 1945،ل6).

لەساڵی 1947 وەک باسکرا هەڵبژاردن یەکێک بووە لە کارنامەی حکومەتەکەی نوری سەعید. ئەمەش لە نێو گۆڤاری گەلاوێژدا بەدواداچوونی بۆ کراوە. عەلائەدین سوجادی بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی "نیراوی ئەبێ چۆن بێ؟"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1947، ل44-49)، کە تێیدا ژمارەیەک سیفات وتوانستی یاسایی و زانیاری گشتی و ئاگاداربوون لە کاروبار وخەمی خەڵک و میللەتەکەی داناوە بۆ ئەوەی یەکێک ئەرکی نوێنەری پێبسپێرێت. هەروەها کارنامەی بەربژێرە کوردەکانیش بڵاوکراونەتەوە وەک بابەتی"لە علی کمالەوە بۆ هاولاتیە خۆشەویستەکانی". ئەم کارنامەی ناوبراو بووە بۆ هەڵبژاردنەکان. لەلایەکی دیکەوە هەڵبژێراوەکان گۆڤاری گەلاوێژیان کردۆتە دەنگۆیەک بۆ سوپاسکردنی خەڵک، کە متمانەیان پێداون لەوانە: سوپاسنامەی"لە علی حیدر سلێمانەوە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1947، ل17، 30، 57) کە سوپاسی متمانە و بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی ڕەواندزی کردووە. سەرباری ئەمانەش قادر قەزاز لە بابەتێکدا بەناونیشانی "بەهۆی انتخاباتی تازەوە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1947، ل30-32) زۆر بە توندی ڕەخنەی گرتووە لە بەربژێر و نوێنەرەکانی کورد و پێیوابووە تا ئێستا هیچ سودێکی گشتییان نەبووە وبە"نەخوێندەوار" وەسفی کردون و ڕای وابووە ئەمانە ئامانجیان لە خۆهەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتیکردن تەنها پارە و پێگەی کۆمەڵایەتی بووە. داوای کردووە کەسانی شیاو هەڵبژێرن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پرسێکی دیکە، کە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا دەنگۆی هەبووە (کێشـەی فەڵەسـتین) بووە، ئەم کێشـەیە یەکێک بووە لە دۆزە گەرم وگوڕەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق. غەفور ڕەشید داراغا وتارێکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا لەژێر ناونیشانی"کورد و فەڵەستین"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:١١، 1947، ل25-29) بڵاوکردۆتەوە، کە پێشـووتر لە بۆنەیەک پەیوەسـت بە کێشـەی فەڵەسـتینەوە لەیانەی مـائموران لە سـلێمانی پێشکەشـیکردبوو. ناوبراو لە وتارەکەیدا جەختی لەسـەر هاوسـۆزی کورد و پەیوەندی مێژوویيانەی نێوان کورد و فەڵەسـتین کردۆتەوە و خەباتی فەڵەستینی بە خەباتی ئازادی و بەدەستهێنانی سـەربەخۆیی و ڕزگاری دژە ئیمپرایالیزم ناساندووە.

هەر لەدوای جەنگەوە، یەکێکی تر لەو پرسـە گەرمـانەی، کە کوردیش بەشداریيەکی چالاکانەی هەبووە و گۆڤاری گەلاوێژیش بە بایەخەوە هەواڵ و وتـاری لەسـەر بڵاوکردۆتەوە "ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی سـاڵی 1948"بوە دژی پەیماننـامەی پۆرتسـمۆس. ئەم پرسـە نیشـتمانییە سەرتاسـەری عێراقی تەنییەوە وسـەرجەم گۆڤـار و ڕۆژنـامە عێراقییەکـان باسوخواسـی ئەم ڕاپەڕینەیـان بڵاوکـردۆتەوە. گەلاوێـژ دەنگـۆ و هەڵوێسـتی کوردسـتانی باشـووری لەمەڕ ئەم ڕووداوە بـۆ بەیـان کـردووین. لە بـابەتێکی ئامـادەکراوی گۆڤـارەکەدا بەناوی"پۆستەی کوردەواری"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٣، 1948، ل13-23) باسـی هەڵوێسـتی شـەقامی کوردی کردووە لەمەڕ ئەو پرسە نووسیویەتی:" ئەم کارەساتەی دوایی قەوما...بوو بەهۆی ئەوەی برایەتی و یەکیەتی شـاباڵە زیـڕینەکەی کێشـا بەسـەر ئەم وڵاتە پـانودرێژەی عیراقـا"( بـڕوانە: گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:٣، 1948، ل13). گۆڤارەکە بە وردی بەدواداچونێکی ڕۆژنامەوانی لەسەر هاتنی وەفدی شـارەکانی سلێمانی، هەولێر، خـانەقین، کۆیە کردووە لەمـانگی شـوباتی سـاڵی 1948 جگە لەوەی مەراسـیمی هـاتنەکەی گواسـتۆتەوە و خواسـت و داواکارییەکانی خستۆتەڕوو(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٣، 1948، ل14) و، وێنەی وەفدەکانی بڵاوکردۆتەوە، ڕاستییەکەی ئەم وێنانە بەهـای گرنگ بە هەوڵەکانی نووسـینەوەی مێژوو لە گۆڤـارەکە دەبەخشـێت و بەڵگەیەکی گرنگی مێژوویين. هەروەها عەلائەدین سەجادی لە بابەتێکیدا بەناونیشانی"لە پێناوی ئازادیدا" لەبارەی ئەو ڕاپەڕینەوە نووسیویەتی:" ئای گۆشەیەکی چاوت لە ڕۆژی 1948/1/27 دا لەو کارەساتە بو کە لەوشـارەدا قەومـا؟! ئەو مێشکانەوەبوو کە بەدەم گوللەوە هاواری ئازادیان ئەکرد؟ لەخوێنی گەشی شەهیدەکان بوو کە لەسـەر زەویدا بەخەتـی سـوور نەخشـەی وێنەی سەربەسـتیان ئەکێشـا؟!!"(گۆڤـاری گەلاوێـژ،ژ:٢، 1948، ل30) سـەجادی باسـی هەمـوو بـارودۆخەو ڕەوشـی سـلێمانیش کـردووە لەکـاتی گەڕانەوەی تەرمـی عەبـدوڵڵا عەبـدولقادر کە لە خۆپیشاندانەکاندا کوژرابوو. سەرباری ئەمـانەش کـچە نووسـەرێکی کورد لاواندنەوەیەکی بەناونیشانی"سـاڵی چلوهەشـت" بڵاوکـردۆتەوە و شـین بـۆ ئەو ڕۆژە گێڕاوە و، باسـی لە بـایەخ و گرنگـی ئەو ڕۆژە لەمێـژووی عێراق دا کردووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٣، 1948، ل53-55).

## 4. ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕوون وئاشكرایه ڕۆژهەڵاتناس وگەڕیدەكان بەهەردوو ڕەوتەكەیەوە چ ئەوانەی پسپۆڕ وشارەزابووبن یان فەرماندە وحاكمی سیاسی بووبن، كە هاتونەتە كوردستان لەڕووی ئەكادیمییەوە خاوەن پاشخانێكی شارەزایی و زانستی بوون. كۆشش ولێبڕاوییان لە وەرگرتن ودۆزینەوەی گەلێك زانیاری مەیدانی وكۆمەڵایەتی وئابوری كە كردویانەتە یاداشت و بەڵگەنامە ولێكۆڵینەوەی بەپێز وبایەخدار، بونەتە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ دووبارە بنكۆڵكردنەوەی مێژووی كورد وگەلانی دی(سندی،2008، ل3).

گۆڤاری گەلاوێژ، بایەخی بە نووسینی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەكان داوە، چونكە ئامانجی لە بڵاوكردنەوەی نووسینی گەڕیدە ورۆژهەڵاتناسەكان و وەرگێڕانیان، ئەوەبووە كورد لەم ڕێگەیەوە "شارەزایی مستشرەقەكانیان بە تەواوی بۆ دەرئەكەوی"( بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٥، 1948، ل17) و"دەرخستنی بیری ڕۆژئاوایی بەرامبەر بە مەسەلەی كورد"(گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٧، 1946، ل52) ی بۆ ڕوون ببێتەوە، بۆیە دەبینین لەنێو ڕووپەڕی لاپەڕەكانی گەلاوێژدا ژمارەیەكی بەرچاو نوسینی گەڕیدە ورۆژهەڵاتناسەكان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی كوردی، بەتایبەت ئەو بەشانەی تایبەت بوون بە كۆمەڵگەی كوردی. فەرامرز لە 15 ژمارەی گۆڤارەكەدا لەژێر ناونیشانی"چەرخێك لەمەو پێش: گەشتێك لە كوردستاندا"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١، 1939، ل15-20؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:1940،٢، ل35-39؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣، 1940، ل31-36؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٤، 1940، ل27-31؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٥-1940،٦، ل48-52؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:1940،٧، ل14-16؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٨، 1940،ل13-16؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١١-١٢، 1940، ل25-36؛گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:١-٢، 1941،ل65-70؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:٣-٤، 1941،ل61-67؛ گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:1940،١٠،ل37-51)یاداشتەكانی كارمەندی ئینگلیزی(جیمس بیللی فریزەر) لەباڵیۆزخانەی تاران بڵاوكردۆتەوە. ئەم گەشتە لەساڵی 1834 ئەنجامدراوە و ناوچە كوردییەكانی (وڵاتی موكریان و بابان و بەغداد و كرماشان و هەمەدان و تاران) گەڕاوە وتێبینییەكانی خۆی تۆماركردووە. هەروەها ناجی عەباس كە یەكێكی ترە لە نوسەرانەی بایەخی بە ڕۆژهەڵاتناسی و گەڕیدەكان داوە، یاداشت ونووسینی سێ ڕۆژهەڵاتناس(مینۆرسكی، كلۆدیۆس جیمس ریچ، فریدیك میللنجن)ی بۆ وەرگێڕاوینەتەسەر زمانی كوردی و لاپەڕەكانی گەلاوێژی پێی ئاوەدانكردۆتەوە. بابەتی گۆران(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:5، 1944، ل1-10؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:6، 1944،ل1- 10؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7، 1944،ل1-7؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:8، 1944،ل1- 16؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9، 1944،ل1-17)ی مینۆرسكی لە 5 ژمارەی گەلاوێژدا وەرگێڕاوە لە زمانی ئینگلیزییەوە، كە مینۆرسكی چوار خاڵی سەرەكی تێدا باسكردووە (گۆرانەكان كێن؟، بنەڕەتی گۆرانەكان، ئەدەبیاتی نووسراوی گۆرانەكان، لاواندنەوەیەكی ئەحمەدخانی كۆماسی). بەڵام دوو بابەتەكەی دیكەی، پێچەوانەی ئەمەی پێشووتربووە، یاداشتی دوو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی وەرگێڕاوە. فریدیك میللنجن، كە لە ساڵی 1869 گەشتی بە كوردستاندا كردووە, ناجی عەباس بەناونیشانی"گەشتێ لە كوردستان هەشتا ساڵ لەمەوبەر" لە گەلاوێژدا پەخشیكردووە. جێی باسە سنوری گەشتەكەی بریتی بووە لە باكوری كوردستان (ئەستەمبول، ئەرزرۆم، وان، ئەرجیش، كوتور سنوری باكوری ڕۆژئاوای ئازەربایجان) كە دواتر لە كتێبێكدا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بە نـاوی (ژیـانی ابتـدائی لەنـاو کوردەکـان) لەسـاڵی 1870 بـڵاوی کـردۆتەوە(بـڕوانە: گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:5، 1945،ل66–68؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:6، 1945،ل13–24؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:7، 1945،ل41–4؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژذ:8، 1945، ل1–10؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9، 1945،ل25–32؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:10، 1945،ل41–48؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11، 1945،ل59– 66؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:12، 1945، ل41–45) .ڕیچـی گەشـتیاریش، کە لەسـاڵی 1820 گەشـتی بە کوردسـتاندا کـردووە لەبابەتێکـدا لەژێـر ناونیشـانی "گەشـتی کلودیـوس ریـچ لە کوردسـتان سـاڵی 1820" بڵاوکراوەتەوە کە کـورتکراوەی یاداشـتی(مژکراتی مقیمک لە کوردسـتاندا)ی ڕیـچە. لەم یاداشـتەدا تەنهـا ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە سلێمانی و سنە هەیە وەرگێڕاوە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:8، 1947، ل1؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 9–10، 1947،ل1– 16؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11، 1947،ل1– 14) . جگە لە نـاجی عەباسـیش، نووسـەرێکی دیکەی کـورد بەنـاوی قـادر خەفـافەوە، کە گەشـتەکەی ریـچ زۆر کـاری لێکـردووە لە 4 ژمـارەی گەلاوێـژدا بەناوی"بەغـدای ڕۆژانـی رابـردوو" گرنگتـرین یاداشـتەکانی ئەو بەکـورتکراوی وەرگێـڕاوە وبـڵاوی کردۆتەوە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:5، 1946،ل25–31؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 6، 1946،ل49–55؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 7، 1946، ل41–46؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:8، 1946، ل41– 49؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:10، 1946، ل23–33) .

هەروەها گەشتیارە فەرەنسییەکانیش بە یاداشتە وەرگێڕاوەکانیان لاپەڕەکانی گەلاوێژیان جوانکردووە، حسـێن فەهمـی جـاف لەمییـانی باسـکردنی بابەتێـک بەناونیشـانی "شـازادەی بتلـیس" باسـی گەشـتیاری فەرەنسی(مسیۆباران) کردووە، کە لەساڵانی 1635–1660 گەشتی کردووە بەنێو قەڵەمڕەوی عوسمانی و ئەرمەنستان و کوردستان و روسیا و بەشێک لە هیند. حسێن فەهمی تەنها باسی لە گەشتی ناوبراو کردووە بۆ ناوچەی بەتلیس لە کوردستانی باکور و ڕۆڵی ئەو شازادە کوردەی لەزاری مسیۆ بارانەوە کردووە، کە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا هەبیووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7، 1943، ل47–52).

میجەرسۆنی ڕۆژهەڵاتناسیش لەچەند ژمارەیەکی گەلاوێژدا لەلایەن دوو نوسەرەوە دەبێتە جێگەی بایەخ و بەشێک لەو یاداشتانەی تایبەتن بە کورد بڵاوی دەکەنەوە. بابەعلی لەژێر ناونیشانی"کورد وولاتەکەیان"( بـڕوانە: گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:11–12، 1940، ل8–11؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:3–4، 1941، ل75–78) و قـادر خەفـاف بەناونیشانی "کتێبەکەی میجەرسۆن بە کورتی" چەند ژمارەیەکی گەلاوێژی بۆ تەرخان کردووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ،ژ:4، 1945،ل11–18؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:، 1945،ل48–60؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:6، 1945،ل1– 10؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7، 1945، ل13–25)، بەڵام جیاواز لە ئەوانی دیکە، ئەمەی دواییان لە ژمارەیەکی سەربەخۆدا سەرجەم تێبینی و راوبۆچوون و رەخنەکانی لەمەڕ گەشتەکە دەخاتەڕوو، جێی باسە زۆرینەی ڕەخنەکانی تەرخانکردووە بۆ وێناکردن ویاداشتەکانی میجەرسۆن بۆ سلێمانی(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9، 1945، ل41– 49).

سەرباری ئەمانەش گۆڤاری گەلاوێژ چەند بابەتێکی دیکەی گەڕیدە ورۆژهەڵاتناسەکانی بڵاوکردۆتەوە، کە بـۆ هەریەکەیـان زیـاد لە دوو ژمـارەی بـۆ تەرخـانکردووە لەوانە: یاداشـتەکانی مسـتەر هاربـارد، کە ڕەشـید محێـدین بەناونیشـانی"لەخلیجەوە تـا ئـارارات" وەرگێڕاوەتەسـەر زمـانی کـوردی. هاربـارد یەکێـک بـووە لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەندامەکانی ئینگلیز بۆ لیژنەی ڕاکێشانی هێڵی سنوری نێوان ئێران و تورکیا لە سالانی 1913–1914 یاداشتی خۆی لەسەر ناوچە کوردییەکاندا، کە پێیدا گوزەربووە تۆمارکردووە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:5، 1946،ل1–8؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:6، 1946،ل15–21؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7، 1946،ل30–32؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9، 1946، ل26–32). هەروەها عمر حسن دەوڵەت نووسینێکی ڕۆژهەلاتناس فرانگ ستوکس بەناوی"کوردی عێراق" وەرگێڕاوە(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:5، 1948، ل17–22)، بەهەمان شێوە یاداشتەکانی جۆنسۆن بە ناونیشانی "کوردی عێراق" مجید سەعید لە گۆڤاری جوگرافیا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە میانی 3 ژمارەی گەلاوێژدا تۆماری یاداشتەکانی خراوەتەڕوو. جۆنسۆن بە وردی باسی ژیانی کوردی کردووە و پێیوابوە کە هۆکاری دواکەوتنی کورد "دووریان بووە لە گەلانی تر لەلایەک و لەلایەکی دیکە جوگرافیاکەیان وسەختی وڵاتەکەیان"، کە هەریەک کاریگەری خراپی لەسەر کورد هەیە لەڕووی پێشکەوتنەوە(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7، 1945، ل59–67؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:8، 1945، ل59–61؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:10، 1945،ل1–11).

## 5. کەسایەتی وناوداران:

کەسایەتی و ناوداران، هەمیشە جێگەی مشتومڕی مێژووناسان و فەیلەسوفان بووە، تەنانەت تیۆرێکی تایبەتیان بۆ تیۆریزەکردووە، کە جیاکاری داوە بە تاک لە دروستکردنی ڕووداوەکانی مێژوودا بەتایبەت، کە لەمیانی ژیانی ئەو کەسایەتییانەوە مێژووییەکی قوڵ دەبینرێت و ڕۆڵی بەرچاوییان گێڕاوە لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و زانستییەکانی جیهاندا و مێژووییان دروستکردووە(لەبارەی ڕۆڵی کەسایەتی بڕوانە: الملاح والاخرون، 1988، ص118–127).

لەنێو گۆڤاری گەلاوێژدا، ئەم کایە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت و چەند گۆشەیەکی بۆ تەرخانکردووە لەنێو گۆڤارەکەدا لەژێر ناونیشانی جیاوازدا وەکو" ئەوانەی نامرن"و"کوردی بەناوبانگ"و"مردنی پیاوانی تاریخی". هەڵبەتە لەنێو ئەمانەدا کەسایەتی وناودارە کوردەکان هەر لەمێژووی ئیسلامییەوە بگرە تا هاوچەرخ پنتێکی فراوانی بۆ تەرخانکراوە، کە ڕەنگە ئەمەش وەک نووسەرێکی گۆڤارەکە ئاماژەی پێکردووە خەمێکی نووسەران بووە بۆ دووبارەپێدانەوەی ڕۆڵ بە مێژووی کورد، لەم بارەیەوە نووسیویەتی:" کەم کەسمان و بەڵکو کەم منداڵی مەکتەبمان هەیە کە لە ئەشخاصی مەشهورەی غەیرە کورد چەند کەسێکت بۆ حیساب نەکا ولەسەر گوزەشتی ژیانیان شارەزا نەبێ، بەڵام لەحەق پیاوە گەورەکانی قومی خۆیان هیچ نازانن ئەمە عەیبێکی گەورەیە و لۆمەی ئەکەوێتە سەرشانی هەموو خوێندەوارەکانمان"( گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:4، 1940، ل6). لەم چوارچێوەیەدا ژیانی گەلێک کەسایەتی و ناوداری کورد لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کوردا دەبینرێت. لەسەردەمی حوکمڕانە ئیسلامییەکاندا کەسایەتییە سیاسی و سەرکردە سەربازییەکان لە گۆڤارەکەدا ژیان و ماوەی حوکم وکاروچالاکییەکانیان باسکراوە وەک سەلاحەدینی ئەیوبی، مەلیک صالح


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

نجم الدين ايوبی، مەلیک عادل سیف الدين ابوبکر محمد، ئەبو شوجاع باز کوڕی دۆستەک، مەلیک ناصر صلاح الدين يوسف(بۆ نمونە: بڕوانە ژمارەکانی گۆڤاری گلاوێژ، ژ:5-6، 1940، ل9؛ گۆڤاری گلاوێژ، ژ: 1، 1939 ل34 ؛ گۆڤاری گلاوێژ، ژ:5-1940،6، ل1؛ گۆڤاری گلاوێژ، ژ:9، 1940، ل1-4؛ هەروەها لە چەندان ژمارەی دیکەدا کەسایەتیەکان باسکراون). هەر لەسەردەمەدا کەسایەتییە ڕۆشنبیر و زاناکانیش فەرامۆشنەکراون و ژیاننامەی چەندین ناودار و کەسایەتی ورۆڵەکانیان لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەبینرێن وەک ئیبن دینار، ئەبو هیجا، ئەبوبەکری گۆرانی قازی حەلەب، ئەبو فیدا، ئیبن سەڵاحی شارەزووری(بۆ نموونە بڕوانە ئەم ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7-8، 1942، ل1-7؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11، 1943، ل1-5). جێی باسە خودی گۆڤارەکەی کتێبێکی مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی بەگی بەناونیشانی"مشاهير الكرد وكردستان فی العهد الاسلامی" بڵاوکردۆتەوە و کتێبەکەی بە خوێنەوارانی کورد ناساندووە وەکو خۆشی نووسیویەتی ئامانجی لەم هەوڵە"دەرخستنی فەرمانی کوردە لە بنیاتنانی شارستانی ئیسلام و دونیادا"(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:5، 1947، ل41). لەلایەکی دیکەوە ژیاننامەی چەندین کەسایەتی زانا و روناکبیران و سیاسی و سەرکردەکانی کوردی لە مێژووی نوێ وهاوچەرخدا بە خوێندەوارانی گەلاوێژ ناساندووە. لەو سەرکردە ومیرانەی گەلاوێژ باسی ژیان وحوکمڕانی کردوون وەک میری محەمەد پاشای گەورەی سۆران، ئیسماعیل پاشای میری بادینان، خانزادی قەرالیچەی میرنشینی سۆران، کریم خانی زەند، ئەمیرخانی برادۆست، کە لەداستانی قەڵای دمدم هاتووە. علی موراد خانی زەند(بڕوانە ئەم ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 2، 1940، ل30؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:3، 1940،ل23؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:4، 1945،ل1؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:10، 1943،ل1؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7-8، 1942، ل90). وێڕای ئەمەش ژیینی ڕۆشنبیر وزاناکانی سەردەمی نوێی وەلانەخستوە وباسی لەژیان ورۆڵی ڕۆشنبیریی وبەرهەمەکانیان کردووە، لەوانە: ئیدریسی بەتلیسی، مەستورخانمی ئەردەڵانی، ئیسماعیل حەقی بەگ بابان. تەنانەت ژیاننامەی هەندێک لەوانەش بڵاوکراونەتەوە، کە لە ژیاندا مابوون وەک دکتۆر کامەران بەدرخان، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، پیرەمێردی شاعیر(بڕوانە ئەم ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:1-2،، 1941، ل60؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:3، 1946، ل9-15؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:3-4، 1942، ل6؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:8، 1943، ل1؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:6، 1943، ل1). گۆڤاری گەلاوێژ لەمییانی ئەم ژیاننامانەوە وێنایەکی جوان ورۆڵی گرنگی کوردیان لەمێژوودا خستۆتەبەرچاوی خوێندەوارانی کورد و دەرەوەی کورد.

جگە لە کەسایەتی و ناودارەکانی کورد، گەلاوێژ چەندین لاپەڕەی بۆ مێژووی کەسایەتییە سیاسی و سەرکردە سەربازییەکانی میللەتی دیکەی جیهان تەرخانکردووە. لەوانە: جەنگیزخان، تەیمورلەنگ، ناپلیۆن پۆناپارت، مارشاڵ نەی کە یەکێک بوە لەسەرکردەکانی ناپلیۆن، نڵسۆن کەشتیوانی بەناوبانگی ئینگلیز، کریستۆفەر کۆلۆمبس، ئیبراهیم لنکۆڵن، بنیامین فرانکلین، سیمۆن پۆلیڤار شۆڕشگێڕی ئەمریکای باشوور(بۆ نمونە بڕوانە ئەم ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژ: ژ:6، 1943، ل33؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9، 1943، ل52؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9-10، 1942، ل7-14؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:7، 19ژ45، ل51-56؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:10، 1945،ل24-28). جگە لەمانە،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

گەلاوێــژ ئــاوڕی لە زانایــان وپســپۆڕان وكەســایەتییە ڕۆشــنبرەكان و فەیلەســوفەكانیش داوەتەوە وژیــان وبەرهەمەكانیانی بە خوێندەوارانی كورد ناساندووە، وەک ئەرستۆ، سوقرات، گۆتنبێرگ، جۆن ستیورات مل، جۆرج ساتۆ، ئیسحاق نیوتن، زانا لویس پاستۆر باكترۆلۆجی، گالیلۆ، ژان ژاک ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، ماركس، فرۆید، داروین، ئەنیشتاین، روبەرت كوخ دۆزەرەوەی ڤایرۆسی ئەنتراكس(بۆ نمونە بڕوانە ئەم ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9-10، 1942،ل7-14 ؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11، 1947، ل7؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9-10، 1947، ل16-17؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 3-4، 1941، ل5-12).

ســەرەڕای ئەمــانەش، گۆڤــاری گەولاێــژ زانیــاری لەبــارەی سەرگوزەشــتەی ژیــان وپێگەیشــتنی چەنــدین كەسایەتی هـاوچەرخی بە خوێنەرەكـانی بەخشیووە، كە تـا ئەو كـاتە لەژیـانـدا مـابوون و ڕۆڵیـان لە ڕووداوە سەرەكییەكانی جیهاندا لەو كاتەدا هەبووە وەک فرانكلین ڕۆزڤلت، لینین، ماوتسی تۆنگ، مارشـاڵ فۆرشیلۆفی سـۆڤێتی، مۆسـۆلۆنی، هیـتلەر، چیانـگ كـای شـەک، جەواهیـر لال نەهـرۆ، گانـدی، مارشـاڵ تیتـۆ قارەمـانی یوگسلاڤیا، دی ڤالێرای سەرۆک وەزیرانی ئیرلەندا(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:3 ،1948، ل41-44؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:2، 1949، ل20-29؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:4، 1948، ل11؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:4، 1940، ل46؛ گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:10، 1944، ل60).

## 6. مێژوو و فەلسەفەی مێژوو:

لە پێشووتردا ئاماژە بەوە كرا، كە گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی بە مێژوو داوە، ئەم بایەخدانە لە گەلاوێژدا ئەو ئاڕاستەی تێپەڕاندووە، كە تەنها مێژوو لە ڕووداو و كەسایەتییەكاندا كۆبكاتەوە، بەڵكو كاری لەسەر ئەوە كردووە بیری فەلسەفییانەی مێژوو یەكێک بێ لە كایەكانی نووسینەوەی مێژوویی. ساڵح قەفتان لە بابەتێكیدا بەناوی " كۆچ ڕەوی ئەقوامی كۆن تاریخ هێناوەتەكایەوە" پرسی(كۆچكردن) بەخاڵێكی سەرەكی بینیوە بۆ دروستبوون و هاتنەكایەی زانستی مێژوو و لەو ڕوانگەشەوە پێیوایە كۆچكردن بزوێنەرێكی دروستكردنی مێـژووە. ئەوەتـا لەم بـابەتەدا ئامـاژەی پێكـردووە و، نوسـیویەتی:" حەقـائقی تـاریخی عبـارەت نیـیە لەو سەرگوزەشتانەی كە پێشینەكان وتویانە لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری حادیسەتیان برودۆتەوە سەر كردەوەی هێزەكانی لە ئینسان بەرزتر، بەڵكو وتیان مناسەباتی ئینسانەكانی ئێستا لەگەڵ یەكا چۆنە وە كارەساتی ناو ئەقوام لەچییەوە رویداوە ئەوا بەو پێشینەیە عەواملی پێكهاتنی ئینسانە كۆنەكان هەر ئەوەبووە" (بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێـژ، ژ:1-2، 1942، ل31) ئەمەش بەڕای سـاڵح قەفتـان پێشـكەوتنی زانسـتی مێـژوو و دەرهێنـانی بـووە لە تارمایی خورافیات. هەروەها بەستنەوەی ڕووداوەكان بەهۆكارێتییەوە.

هەروەها ساڵح حەیدەری لە نووسینێكیدا بەناوی "فلسفەی ئایدیالیزم و متریالیزم لە تفسیری مێژوو" دوو ڕێبـاز و لێكدانەوە لە زانسـتی مێـژوودا بە وردی خسـتۆتەڕوو. ئەوانیش ئایـدیالیزم ومەتریـالیزمە. لەبـارەی یەكەمەوە، نوســەر بەرمەبنــای ئەو زانیاریيــانەی دەستیخســتون ئامــاژەی كــردووە بەوەی مێــژوو لای ئەم

لێکدانەوەیە" چەند قەومـاوییەکی پەرت وبڵاوە وهـیچ رابیتـەیەک نایـان بەسـتیتەوە وبەگـوێرەی قـوانینیکی ئیجتماعی سـابت ناقەومێ بەڵام بە ئەمرێک لە هێزێکی بەتین لە دەرەوەی تەبیعەت ئەقەومێ"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11-12، 1942، ل78) هەروەها خاڵێکی دیکەش بۆ سەر ئەم ناساندنە زیاد کردووە و نووسیویەتی:" ئایـدیالیزمەکان بە گـۆڕینی مێـژوو اعتـراف نـاکەن" (بـڕوانە: گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ:11-12، 1942، ل79). پاشـان ڕەخنەکانی خۆی لەسەر ئەم لێکدانەوەیە خستۆتەڕوو، پێیوابووە مێژوو ڕاوەستاو نییە وهەمیشە لە گۆڕین و جوڵەدایە، لۆژیکی مادی بە زانستی وگرنگتر بۆ مێژوو و ڕووداوەکانی زانیوە. بابەتێکی تر، کە هەر لەسەر ڕێبازەکانی لێکدانەوەی مێژوویی بووە لە گۆڤارەکەدا بە ناونیشانی "شتکاری مێژوویی Historical Materially" بڵاوکراوەتەوە. لەم بابەتەدا باس لە ڕێبازی مەتریالیزم کراوە بۆ مێژوو. تێیدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە پێش مـارکس مێـژوو بە زانسـت هەژمـارنەکراوە چـونکە لێکدانەوەکانی تـر مێژووییـان بە مـرۆڤەوە نەبەسـتۆتەوە، ڕۆڵی مرۆڤ وپاشخانەکانی بەرچاونەگیراوە(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 12، 1943، ل57) پاشتر جەختی لەسەر بیروباوەڕەکانی مارکس بۆ مێژوو کردۆتەوە وەک مێژووی دروستکردەی مرۆڤە، جیاکردنەوەی مێژوویی کۆمەڵی و مێژووی سروشتی، هەموو شتێک بناغەیەکی مادی هەیە. ڕاستییەکەی هەرسێ وتارەکەی بۆ ئەو کاتەی خوێندەوارانی کورد شتێکی پڕبایەخ بووە، دەکرێت ئەم وتارانەی لەبارەی فەلسەفەی مێژووەوە بە سەربارێکی ناوازە وتاکانە بزانرێت بۆ گۆڤاری گەلاوێژ، کە هێشتا ڕۆژنامەگەری کوردی بە چاوێکی هزریی و پسپۆڕییانە لە مێژوو و ڕێبازەکانیان نەدوابون.

## 7. ڕۆژنامە و مێژووی ڕۆژنامەگەریی:

مێـژووی ڕۆژنـامەگەری لای هەر میللەتێکـی دونیـا، ئـاوێنەیەکە بـۆ نیشـاندانی دۆخـی ڕۆشـنبیریی و فەرهەنگــی وسیاســیی ومێژوویــی هەر میللەتێــک بەتــایبەت، کە پێشــوتر تــاکە ســەرچاوەی مەعــریفە وبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی بووە. گۆڤاری گەلاوێژ ئەم لایەنە فەرامۆشنەکردووە ودەلاقەیەکی بەڕووی ئەم کایە لە گۆڤارەکەدا کردۆتەوە. ئەدمۆنس لە بابەتێکی بڵاوکراوەیەدا، کە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی لەلایەن گۆڤـاری گەلاوێـژەوە بەنـاوی" گەلاوێـژ بەچـاوی بێگـانە" سـەرنجێکی مێژوویـی لەبـارەی مێژوویـی ڕۆژنامەگەری کوردی پێشکەش بە خوێندەوارانی کورد کردووە و باس لە ژین و ژیان دەکات وەک دوو ڕۆژنـامەی کوردی، کە تاسـاڵی 1940 بەردەوام بـووە و نـزیکەی 593 ژمـارەی لێدەرچووە. پاشـتر تێشـک دەخاتەسەر گۆڤارەکانی دیاری کوردستان 1925 و زاری کرمانجی لە ڕەواندز 1926-1930 و رووناکی لە 1935-1936 و گەلاوێـژ. لەم بـارەیەوە نووسـیویەتی: "مێـژووی ڕۆژنـامەگەری کـوردی پچـڕ پچـڕ بــووە...دەوامکردن ودەرچــوونی گۆڤارەکانیــان بــۆ ئەو مــاوەیە و بە هــورەیەک بــووە دەلالەت لە شــەوق وبەرگەگرتنی ئەوان ئەکا" پاشتر باس لە بایەخی گەلاوێژ دەکات و تیشک دەخاتە سەر بەشدارانی ئەم گۆڤارە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

و بەخاڵی بەهێزی دادەنێت و چەند ڕەخنەیەکیش ئاراستەی گۆڤاری گەلاوێژ دەکات وەک داننەنانی پێڕست لەسەرەتای گۆڤارەکەدا(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ: 8، 1940، ل1–4).

هەروەها عەبدولقادر قەزاز بابەتێکی ڕۆژهەڵاتناس لۆرانس ی لەژێرناونیشانی"وتارێک لەبارەی تاریخی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی یەوە"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:4، 1945، ل22–25) لەزمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕێتەسەر زمانی کوردی. لۆرانس لەم بابەتەیدا گەلێک زانیاری پڕبایەخ و ورد لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەخاتەبەردەم خوێندەواری ئەوکاتی کورد. هەر لەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی 1897 بگرە تا هەموو ئەو ڕۆژنامانەی لەهەر چوارپارچەی کوردستانەوە دەرچوون تاریف کردووە: گۆڤاری ڕۆژا کوردی، هەتاوی کوردی کۆمەڵەی هێڤی لە ئەستانبول لەساڵی 1912، گۆڤاری کوردستانی کۆمەڵەی پرۆتستانتەکانی ورمێ لەساڵی 1914، ژین لەساڵی 1916، پێشکەوتن 1920، بانگی کوردستان1929، بانگی حەق1923، زاری کرمانجی 1928، دیاری کوردستان 1925، ڕۆژا نوی لە لوبنان 1943. دەنگی گێتی تازە 1943، گۆڤاری هاوار 1933 بەپیتی لاتینی کە لەساڵی 1935 وەستاوە ولەساڵی 1941جارێکی ترجەلادەت بەدرخان دەریکردۆتەوە، روناهی 1943، رۆژا نوێ بەزمانی فەرەنسی 1943، جگە لەمانە گۆڤاری ستێر لەساڵی 1943 لە بەیروت، ریا تازە کە زمانحاڵی کوردەکانی روسیایە، گۆڤاری نیشتمان لە لاجان. دواجاریش لە گۆڤاری گەلاوێژ دەدوێت و بە" بەرزترین گۆڤارە ئەدەبییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:٤، 1945، ل24) هەژمارکردووە. دەکرێت بوترێت ئەم تاریفکردنانە ئامرازێکی ڕووناکردنەوەی مێژووی رۆشنبریی وفەرهەنگی کوردییە.

لەلایەکی دیکەوە گەلاوێژ، هەواڵی ڕۆژنامەگەری پارچەکانی دیکەی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە و هانی خوێندەوارنی کوردی داوە تاوەکو پاڵپشت و یاریدەدەربن لە پێشخستنی ونەکوژانەوەی ئەم چرایانە، لە باسکردنی هەردوو گۆڤاری ڕوناهی لەشام و ڕۆژا نوێ لە لوبنان، نوسیویەتی:"پێویستە هەموو کوردێکی خوێن گەرم خۆی لە ڕووناکی ئەم دوو چرایە بێبەش نەکات"(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11، 1943، ل19) . هەروەها لە باسی دەرچوونی گۆڤاری نیشتماندا نوسیویەتی:" مژدەیەکی خۆشی کوتوپڕ دڵی هەموو کوردێکی شادکرد و هۆشی کوردانەی پێی بزواند"( گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:9، 1943، ل62). وێڕای ئەمەش لەچەند ژمارەیەکدا ناوی هەموو ئەو گۆڤارانەی تۆمار کردووە، کە لەلایەن کوردانی دەرەوە دەرچوون، وەک: ریاتازە لەروسیا، ستێر لە لوبنان، هاوار لەشام، روناهی لە لوبنان، نیشتمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. رۆژنامەی کوهستان بە زمانی فارسی لەتاران، کوردستان لەمەهاباد. تەنانەت ناوەڕۆکی ژمارەیەکی هەندێک لەم ڕۆژنامانەی بڵاوکردۆتەوە وجاروباریش بابەتێکی ڕۆژنامە وگۆڤارەکانیشی پەخشکردووە بەتایبەت رۆژنامەی نیشتمان وکوردستان(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:2، 1944، ل22؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:2، 1944، ل64؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:3، 1946، ل29؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:4، 1945، ل52). هەروەها لە دەنگی گێتی تازە، کە لە بەغدا لەلایەن باڵیۆزخانەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەریتانییەوە دەرچووە دواوە. لەبارەی دەنگی گێتی یەوە، نووسیویەتی:" خزمەتی بێ پایەنی مادی و مەعنەوی دەوڵەتی گەورەی بەریتانی بەرانبەر بە هەموو قەوم و هاوپەیمانەكانی خۆی لەوانە نییە كە شكی تێدا مابێتەوە، هەموو كات بەهەموو دڵێكەوە ویستویەتی لەرێگەی سەربەستی و خوێندەواری و سەقافەتدا لەگەڵ هەموو تیرەیەک ببزوێتەوە و ئامانجی بەجێی بهێنێ...ایستاش بۆ تێگەیشتنی چەند ملیۆن خوێندەواری كوردزمان لەچۆنیەتی كردەوەكانی و بۆ بەرزبونەوە و پەرەسەندنی زمانەكەمان گۆڤاری دەنگی گێتی تازەی بۆ دەركردین"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:11، 1943، ل20). هەڵبەتە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە، كە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییدا بەسەر تەواوی عێراقدا باڵیكێشابوو، گەلاوێژیش لەم پرشكە بەدوورنەبووە.

جگە لەمانەش، گەلاوێژ باسوخواسی چەند رۆژنامەیەكی بیانی بۆ كردووین وەک بابەتێک بەناونیشانی"رۆژنامەی بەلجیكای ئازاد"(بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:5-6، 1941، ل29)، كە رۆژنامەنووس ڤیكتۆر گۆردینی 74 ساڵ لە كاتی داگیركردنی بەلجیكا لەلایەن ئەڵمانەكانەوە بەنهێنی دەریكردووە وئەڵمانەكانی هەراسانكردووە. هەروەها بابەتێكی دیكە بەناونیشانی"ڕۆژنامە نهێنی یەكەی پلسودسكی"(گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:8،1940، ل1-4) پەخشكراوە. ئەم بابەتە بەسەرهاتی ڕۆژنامەیەكی نهێنی پارتی سۆشیالیستی قەدەغەكراوی پۆڵەندییە، كە لەساڵی 1894 بەناوی روبوتنگ دەرچووە. لەبارەی بایەخی بڵاوكردنەوەی ئەم گۆڤارە بیانییانەوە لەلایەن گۆڤارەكەوە نەوشیروان مستەفا، نوسیویەتی:" گۆڤاری گەلاوێژ ئەم بابەتەی بڵاوكردۆتەوە ئەگونجێ بابەتەكە بە چیرۆكێكی سادە یان وتارێكی ئەدەبی یان بە گێڕانەوە هەواڵێكی سیاسی ڕاستەقینە دابنرێ، بەڵام بۆ خوێندەواری ئەوسای كورد بەتایبەتی بۆ ئەوانەی خەریک یان بە تەمای خەباتی سیاسی شۆرشگێڕانەبوون دەرسێكی گرنگ بوە...زۆری نەخەیاند رۆژی رۆژنامەوانی نهێنی چاپكراوەی كوردی بۆ یەكەمجار لە كوردستانی ئێران هەڵهات و بەدوای ئەویشدا لە كورستانی عێراق سەری دەرهێنا و ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازی گەلاوێژ خۆی بوو بەیەكێ لەهەرە چالاكەكانی مەیدانی رۆژنامەی نهێنیی"(ئەمین، 2013، ل477)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## دەرئەنجام

1. گۆڤاری گەلاوێژ لەمێژووی دەساڵی دەرچوونییدا هەرچەندە بە ڕەوتێکی پڕگرفت وتەنگوچەڵەمەدا گوزەری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیوییەتی تاڕادەیەکی زۆر کارلێک لەگەڵ ئەو ڕووداو پێشهاتە سیاسی وکۆمەلایەتییانەی سەردەمی خۆی بکات و بانگەشە بۆ ڕابوونی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکات.

2. تویژینەوەکە ئەوەی ساغکردۆتەوە، کە گۆڤارەکە بەرجەستەی ئامانجی سەرەکی خۆی کردووە لە بایەخدان و ڕوونکردنەوەی مێژوو بەگشتی ومێژووی کورد بەتایبەتی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مێژوویی لەمیانی بڵاوکردنەوەی بابەتی مێژوویی هەمەچەشنە لەمێژووی هەموو گەلاندا.

3. مێژوو پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لەنێو نووسینەکانی گۆڤارەکەدا، بەچەشنێک زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکە بابەتی مێژوویی تێدا دەبینرێت. هەندێکجاریش تەواوی ژمارەیەکی بۆ تەرخانکراوە و گۆشەی ڕۆژنامەوانی بۆ تایبەتکردووە. ئەمەش بایەخی گەلاوێژ لە گەشەسەندنی نووسینی مێژوویی ومێژنووسی کورد دا دەخاتەڕوو.

4. گۆڤارەکەی بە پەرۆشەوە گرنگی داوە بە هەواڵ و پرس و ڕووداو وپێشهاتە سیاسییە هاوچەرخەکان لەسەر ئاستی جیهان و عێراق وکوردستان بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بابەتی لەسەر ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی ودەرهاویشتەکانی و

هـزرە باوەکانی جیهان و راپەڕینی کانوونی دووەمی 1948، بزاڤی سەربەخۆخوازی گەلانی دونیا بڵاوکردۆتەوە.

5. توێژینەوەکە سەلماندویەتی، کە مێژووی کورد جێگەیەکی تایبەتی هەبووە لەنێو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا بەجۆرێک زۆرینەی بابەت تەرخانکراوە بۆ مێژووی کەسایەتیی وناودار وزانایانی کورد لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتییەدا و ڕوانگەی گەڕیدە و گەشتیار و رۆژهەلاتناسان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و چەسپاندنی شوناس ونەژادی کورد وگەلێک بابەتی دیکە پەیوەست بە کورد.

6. تویژینەوەکە ئەوەی ساغکردۆتەوە کە نووسەران و مێژووناسانی و وەرگێڕەکانی بابەتە مێژووییەکان بەشداربوون لە کێشانی مەشخەڵی نووسینی مێژوویی لە بزوتنەوەی مێژوونووسی کوردیدا لەسەدەی بیستەمدا و دەلاقەیەکیان بە ڕووی توێژەراندا کردۆتەوە.

7. خستنەڕووی بابەتە مێژووییەکانی لەنێو گۆڤارەکەدا بە وردی و پسپۆڕی و گیانی ئەکادیمی و ڕەخنەی مێژوویی دەناسرێتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب:**

**أ. بە زمانی کوردی:**


- سالح، د.ئازاد عوبێد.(٢٠١٢) ڕۆڵی سیاسیی و کارگێڕیی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک 1885-1958. هەولێر. چاپخانەی حاجی هاشم.
- ئەحمەد، ئامانج حەسەن.(٢٠٠٩) برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی وڕووناکبیریی گەلی کورد دا. سلێمانی. چاپخانەی ڕەنج.
- سندی، د.بدرخان.(٢٠٠٨) کومەڵگەی کوردەواری لەدیدی رۆژهەلاتناسیدا، دهۆک. چاپخانەی خانی.
- حوسێن، سامان. (٢٠١٢). زلهێزەکان 1914-1991. هەولێر. چاپخانەی موکریانی.
- سالح، سدیق و سالح، رەفیق و زەنگەنە، عەبدوڵلا. (٢٠١٦) گۆڤاری گەلاوێژ ژیاننامە ویاداشت. ب11، هەولێر. چاپخانەی رۆژهەلات.
- عوسمان، د.سعدی. (٢٠٠٦) بزاڤی رزگاریخوازی کوردی سەرهەڵدان وقۆناغەکان ونمونەیەک. هەولێر. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- مەزهەر، د.کەمال. (٢٠٠١) چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد. ب2. ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە، هەولێر. دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- مەزهەر،د.کەمال.(٢٠٠٨)مێژووکورتە باسێکی زانستی مێژووکوردومێژوو.چ2. هەولێر.چاپخانەی هێڤی.
- قادر، مەهدی محمد.(٢٠٠٥) پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 1945-1958. سلێمانی. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان.
- ئەمین،نەوشیروان مستەفا.(٢٠١٣)بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین کتێبی دوەم-ب١. بیروت. الدار العربية للعلوم.
- حوسێن، د.هیمداد.(٢٠٠٨) ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی کوردی. سلێمانی. چاپخانەی شڤان.


**ب. بە زمانی عەرەبی:**


- باغی، د.اسماعیل احمد.(١٩٧٩)تطور الحركه الوطنية العراقية 1941-1952، بغداد.مطبعة الارشاد.
- حمیدی، د.جعفر عباس.(١٩٧٦)التطورات السياسية فی العراق1941-1953، النجف. مطبعة النعمان.
- صابر، د.سروه اسعد.(٢٠٠٦) كوردستان الجنوبية 1926-1939 دراسة تاريخية سياسية، السليمانية . سردم للطباعة والنشر.
- الحسنی، عبدالرزاق.(٢٠٠٨) تاريخ العراق السياسی، ج2، ط7، بيروت. دار الرافدين.
- البارزانی، عزيز حسن.(٢٠٠٢) الحركة القومية الكوردية التحررية فی كوردستان العراق 1939-1945، دهوك، دار سپیریز للطباعه والنشر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

– كريم، د.عمر محمد محمد.(٢٠٠٩) القضية الكردية في سياسة الحكومات العراقية 1932-1945، السليمانية. مطبعة شڤان.

– الحفو، د.غانم محمد و البوتاني، د.عبدالفتاح علي.(٢٠٠٥) الكورد و الاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي1921-1958، دهوك، دار سپيريز للطباعة والنشر.

– البطي،فائق.(٢٠١١)الموسوعة الصحفية الكردية في العراق تاريخهاوتطورها.بغداد.دارالمدى للثقافة والنشر.

– الملاح، د.هاشم يحي و احمد، د.ابراهيم خليل و الجواهري، د.عماد احمد و الحفو، د.غانم محمد.(١٩٨٨)دراسات في فلسفه التاريخ، الموصل. دار الكتب للطباعة والنشر.

– شكري، د.محمد عزيز.(١٩٧٨) الاحلاف والتكتلات في السياسية، الكويت. عالم المعرفة.

**دووەم: گۆڤاری گەلاوێژ:**

| | | |
|---|---|---|
| ژ: 1 ساڵی 1 کانونی یەکەمی 1939. | ژ:12 ساڵی 4 کانونی یەکەمی1943. | ژ:5ساڵی7 مایسی1946. |
| ژ: 2 ساڵی 1 کانونی دووەمی1940. | ژ: 1 ساڵی5، کانونی دوەمی 1944. | ژ:6ساڵی7 حوزەیرانی 1946. |
| ژ: 3ساڵی 1 شوباتی1940. | ژ:2 ساڵی5.شوباتی 1944. | ژ: 7 ساڵی7 تەموزی1946. |
| ژ: 4 ساڵی1 مارتی 1940. | ژ:3ساڵی5 مارتی1944 | ژ:8ساڵی7 ئابی1946. |
| ژ:5-6 ساڵی1نیسان ومارتی 1940. | ژ:4 ساڵی5 نیسانی1944. | ژ:9 ساڵی7 ئەیلولی1946. |
| ژ:7 ساڵی1 حزیرانی1940 . | ژ: 5ساڵی5 مایسی1944. | ژ:10ساڵی7 تەشرینی یەکەم1946. |
| ژ: 8 ساڵی1 تەموزی 1940. | ژ:6 ساڵی5 حوزەیرانی1944. | ژ:11ساڵی7تشرینی دووەمی1946 . |
| ژ:9ساڵی1 ئابی1940. | ژ:7ساڵی5 تموزی1944. | ژ:12 ساڵی7 کانونی یەکەمی1946. |
| ژ:11-12 ساڵی1 تشرینی یەکەم ودوهەم1940. | ژ: 8ساڵی5 ئابی1944. | ژ:1ساڵی8 کانونی دووەمی1947. |
| ژ:1-2 ساڵی2 کانونی دوهەم وشوباتی1941. | ژ:9 ساڵی5 ایلول1944.. | ژ:2 ساڵی8 شوباتی1947. |
| ژ:3-4ساڵی2 مارت ونیسان1941 . | ژ:10 ساڵی5 تشرینی یەکەمی1944. | ژ:3 ساڵی8 مارتی1947. |
| ژ:5-6، ساڵی 2 مایس وحوزەیرانی 1941. | ژ:11 ساڵی5 تشرینی یەکەمی1944. | ژ:5 ساڵی 8مایسی1947. |
| ژ:7-8ساڵی2 تموز وئابی1941. | ژ:12 ساڵی5کانوونی یەکەمی1944. | ژ:6 ساڵی 8 حوزەیرانی 1947. |
| ژ:9-12، ساڵی2 ئەیلول تا کانونی یەکەمی1941. | ژ:2ساڵی6 شوباتی1945. | ژ:8ساڵی8 ئابی1947 . |
| ژ:1-2 ساڵی3 کانونی دوهەم وشوباتی1942. | ژ:4ساڵی6 نیسانی1945. | ژ:9- 10ساڵی 8ئەیلول وتشرینی یەکەم1947. |
| ژ:3-4ساڵی3 مارت ونیسان1943. | ژ:5ساڵی6مایسی1945. | ژ:11 ساڵی8 تشرینی دووەم1947. |
| ژ:5-6 ساڵی 3 مایس وحوزەیرانی 1942. | ژ:5ساڵی6 مایسی1945. | ژ:1 ساڵی9 کانوونی دوەمی1948. |
| ژ:7-8 ساڵی 3 تەموز وئابی1942 | ژ:6ساڵی6 حوزەیرانی1945. | ژ:2 ساڵی9 شوباتی 1948. |
| ژ:11-12 ساڵی3، تشرینی دووەم وکانونی یەکەم1942. | ژ:7ساڵی6 تەموزی1945. | ژ:3 ساڵی 9 مارتی1948. |
| ژ:1ساڵی4کانونی دووەمی1943. | ژ:8ساڵی6ئابی1945. | ژ:4ساڵی9نیسانی1948. |
| ژ:2، ساڵی 4 شوباتی 1944. | ژ:9ساڵی6 ئەیلولی1945. | ژ: 5 ساڵی9 مایسی1948. |
| ژ:6 ساڵی4 حوزەیرانی1943. | ژ:10ساڵی6تشرینی یەکەمی1945. | ژ:1 ساڵی10 کانونی دوەمی 1949. |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

| | | |
|---|---|---|
| ژ 7ساڵی4تەموزی1943. | ژ:11ساڵی6 تشرینی دووەمی1945. | ژ2 ساڵی10 شوباتی1949. |
| ژ:8 ساڵی4 ئابی 1943. | ژ:12 ساڵی6 کانونی یەکەم1945. | ژ: 5 ساڵی10 مایسی1949. |
| ژ:9ساڵی4.ئەیلولی1943. | ژ:1ساڵی7 کانونی دوەم1946 . | ژ:6ساڵی10 حوزەیرانی1949. |
| ژ: 10 ساڵی 4 تشرینی یەکەمی1943. | ژ3 ساڵی7 مارتی1946. | ژ:7 ساڵی10، تەموزی1949. |
| ژ:11 ساڵی 4تشرینی دووەمی1943. | ژ 4ساڵی7 نیسانی1946. | ژ: 8، ساڵی10 ئابی1949. |


**سێیەم: نامەی ماستەر:**

**أ. بە زمانی کوردی:**

– ئەمین، محمد دلێر.(١٩٨٩). ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن وپێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە. زانکۆی سەلاحەدین.

**ب. بە زمانی عەرەبی:**

–عمر، فاروق علی.(١٩٩٩) الصحافة الکردیة فی العراق البدایات 1914–1939، ماجستیر. کلیة الاداب. جامعة بغداد.

**چوارەم: وتار ولێکۆڵینەوە:**

– احمد، ابراهیم.(١٩٩٧) گەلاوێژی دێرین چۆن هەڵهات؟، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. ژ:4. ساڵی یەکەم.

– عباس، عبدالله.(١٩٨٨) گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی 1939–1950 پیاچونەوە وسەرنج. گۆڤاری بەیان. ژ: 139.

– زەنگەنە،عەبدوڵلا وساڵح، ڕەفیق.(٢٠٠٣)ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی.گۆڤاری ڕۆژنامەوانی ژ:11–12 ساڵی چوارەم.

– داراغا، غفور رشید.(١٩٧٢) یانەی سەرکەوتنی کوردان لە چەند دێڕێک دا، گۆڤاری دەنگی مامۆستا ژ:1.

– ئەمین، محەمەد دلێر.(١٩٩٧) گەلاوێژ ومێژو بزاڤی ئەدەبی ورۆشنبیری چەخماخەی داهێنان. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. ژ:1 ساڵی1.

– تاڵەبانی، موکەڕەم ڕەشید(١٩٨٧) گۆڤاری گەلاوێژ لاپەڕەیەکی پرشنگداری ڕۆژنامەنووسی کوردی بوو. ڕۆژنامەی هاوکاری. ژ:888.

**پێنجەم: گۆڤار ورۆژنامەکان:**

**أ. بە زمانی کوردی:**

– گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ:5 ئابی 1960.

– چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر قەزازدا، گۆڤاری ڕەنگین.ژ: 9، تەموزی 1988.

**ب. بەزمانی عەرەبی:**

– احمد،د.کمال مظهر.(١٩٧٣)من ذکریاتهم(گەلاوێژ)فی لقاء مع الاستاذ علاءالدین سجادی،جریدة التاخی. ع: 1449.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

# انعكاس الكتابة التاريخية في مجلة الـ(گلاويَژ)

يهدف هذا البحث الى إبراز أهمية مجلة الـ(گلاويَژ) التى صدر خلال سنوات(1939-1949) في عملية الكتابة التاريخية بما حملته سنواتها العشرة من مخزون التاريخي في مجالات (تاريخ الكرد والكردستان، حرب العالمية الثانية، تاريخ الصحافة، التطورات والاحداث الداخلية في العراق...الخ) اذ تميزت هذا المجلة بحضور فاعل في متابعة المواد التاريخية و التطورات السياسية في مرحلة حساسة من التاريخ الكرد والعراق و العالم.

وعلى ضوء هذا، قسم البحث الى مبحثين" المبحث الاول: تناول تطور التاريخي لصدور مجلة الـ(گلاويَژ) من خلال (اهدافها، وشكلها ومحتوها)، اما المبحث الثاني: خصصت لدور المجلة في الكتابة التاريخية من خلال أهم ميادين الذى عملت عليها المجلة وكيفية معالجته لمواضيع التاريخية.

وأخيراً توصل الباحث الى عدة استنتاجات، أهمها: احتل المواضيع التاريخية نسبة العالية في كتابات المجلة خاصا في مجال التاريخ الكرد، الذي بدوره ساهم في تنمية حركة الكتابة التاريخية في كوردستان، كما تابعت المجلة التطورات السياسية المتسارعة التى شهدها العراق والعالم.

# Reflection of Historical Writing in Galawezh Magazine

The study aims at highlighting the importance of Galawezh magazine, which was issued during 1939-1949, in the process of historical writing, with its ten years of historical inventory in the fields of (Kurds and Kurdistan history, Second World War, the press history, developments and internal events in Iraq, etc).This magazine was characterized by an active presence in following up the historical material and political developments at a sensitive stage in the history of the Kurds, Iraq, and the world.

Building on this, the research is divided into two sections: the first one deals with the historical development of Galawezh magazine through its objectives, form and contents, meanwhile the second one is dedicated to the role of the magazine in historical writing through the most important fields that the magazine worked for and how to deal with historical topics.

Finally, the researcher has come up with a number of conclusions, mainly: The historical subjects occupied a high proportion in the magazine writings, especially in the field of history of the Kurds, which in turn contributed to the development of the historical writing movement in Kurdistan. The magazine also followed the rapid political developments witnessed by Iraq and the world.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper19 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019